# التباين المكاني والزماني لجريمة السرقة في مدينة أربيل – دراسة تحليلية في جغرافية الجريمة

١- أ.م.د. ساكار بهاء الدين عبدالله المدرس (المشرف)
قسم الجغرافية، كلية الاداب، جامعة صلاح الدين، أربيل، إقليم كوردستان – العراق
sakar.abdulla@su.edu.krd
٢- ساكار سمكو جميل (طالب الماجستير)
قسم الجغرافية، كلية الاداب، جامعة صلاح الدين، أربيل، إقليم كوردستان – العراق
SAKAR.JAMEEL@su.edu.krd

**الكلمات المفتاحية**: التباين المكاني والزماني، جغرافية الجريمة، جريمة السرقة، البقع الساخنة، مدينة أربيل.

## كيفية اقتباس البحث

المدرس , ساكار بهاء الدين عبدالله , ساكار سمكو جميل , التباين المكاني والزماني لجريمة السرقة في مدينة أربيل – دراسة تحليلية في جغرافية الجريمة,مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، آذار ٢٠٢٦, المجلد:١٦, العدد:٣.

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

**مفهرسة في Indexed**
**IASJ**

**مسجلة في Registered**
**ROAD**

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٣

# Spatial and Temporal Variability of Theft Crime in Erbil City: An Analytical Study in Geography of crime

1- Assist. Prof.Dr. Sakar Bahaddin Abdullah Almudaris- (Supervisor)
Department of Geography, College of Arts, Salahaddin University–Erbil, Kurdistan Region, Iraq
sakar.abdulla@su.edu.krd
2- SAKAR SMKO JAMEEL(Master's Student)
Department of Geography, College of Arts, Salahaddin University–Erbil, Kurdistan Region, Iraq
SAKAR.JAMEEL@su.edu.krd

**Keywords** : spatial and temporal variation; crime geography; theft crime; hotspots; Erbil city

**How To Cite This Article**
Almudaris , Sakar Bahaddin Abdullah ,SAKAR SMKO JAMEEL , Spatial and Temporal Variability of Theft Crime in Erbil City: An Analytical Study in Geography of crime ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, March 2026,Volume:16,Issue 3.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

**Summery**
As any other human phenomenon, theft crime differs according to time, geographical area, type, and size Such crime doesn't happen by chance, but there are many economical, social, and psychological factors that lead to such crimes that have a thorough negative effect on the environment. Erbil city, as the capital of the Kurdistan region, witnessed massive prosperity, population growth, diverse job function, and more society classes that led to increasing crime in general and theft in particular. This is a loss of human's belongings and disrupts the safety and security of the city. The aim of this study is to shed light on the spatial and temporal varieties of such crimes sample between 2013 and 2023. and analyzing the distribution of crime scenes according to the neighborhood and

municipalities of Erbil via applying inductive method and spatial and statistical analysis by ArcGIS program tool. To achieve this purpose, the study consists of three main parts. The first one focuses on the theoretical framework and research area. The second part emphasizes the temporal variation of the theft crime criteria. The third part is about spatial variation of the crime using Arc Gis program. The most important finding of this study is the increasing number of theft crimes in the research sample and identifying risky neighborhood, hotspots, and signs referring to theft crimes gathering. The study offers several recommendations about the risky areas and common factors for a person to be criminal. Such recommendations are addressed to the concerned parties in order to enhance and protect the security of the city .

**الملخص**

تُعد جريمة السرقة، كأي ظاهرة بشرية أخرى، متغيرة من حيث النوع والحجم تبعاً للزمان والمكان الجغرافي. ولا تحدث هذه الجريمة من قبيل الصدفة، بل تقف وراء ارتكابها دوافع عمرانية، واقتصادية، واجتماعية، ونفسية متعددة، ولها آثار سلبية شاملة على البيئات التي تتفشى فيها. وبوصفها عاصمة إقليم كوردستان، شهدت مدينة أربيل زيادة في معدلات الجريمة بشكل عام وجريمة السرقة بشكل خاص؛ وذلك نتيجة للتوسع العمراني الكبير، والنمو السكاني المتسارع، والاستقطاب الوظيفي المتنوع، وتنامي الطبقية الاجتماعية داخل مجتمعها، مما أدى إلى استنزاف ثروات. تهدف هذه الدراسة إلى تسليط الضوء على التباين المكاني والزماني لخصائص هذه الجريمة بين عامي ٢٠١٣ و٢٠٢٣، وتحليل التوزيع المكاني للجريمة وفقاً للأحياء والبلديات والقطاعات في مدينة أربيل، وذلك باتباع المنهج الاستقرائي وأساليب التحليل المكاني والإحصائي عبر أدوات التحليل في برنامج النظم المعلومات الجغرافية (ArcGIS). ولتحقيق هذا الغرض، قُسمت الدراسة إلى ثلاثة محاور رئيسة: ركز الأول منها على الإطار النظري ومنطقة الدراسة، وتناول الثاني التباين الزماني لخصائص جريمة السرقة، في حين ركز المحور الثالث على التباين المكاني لهذه الجريمة وتحليله باستخدام تقنيات برنامج ArcGIS. خلصت الدراسة إلى مجموعة من النتائج الجوهرية، أبرزها: رصد زيادة ملحوظة في جرائم السرقة في منطقة الدراسة، وتحديد الأحياء الخطرة، والكشف عن "البقع الساخنة" (Hot Spots) ونمط التمركز المكاني لجرائم السرقة. كما قدمت الدراسة جملة من التوصيات والمقترحات للجهات المعنية بخصوص المناطق الخطرة والبيئات المحفزة للسلوك الجرمي، وذلك في سبيل تطوير السياسات الأمنية وحماية أمن المدينة.

## جیاوازی شوێنی و کاتی تاوانی دزیکردن لە شاری هەولێر - لێکۆڵینەوەی شیکاری لە جوگرافیای تاوان

١- پ.ی.د. ساكار بهاءالدين عبدالله المدرس (سەرپەرشتیار)
بەشی جوگرافیا، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان- عیراق.
sakar.abdulla@su.edu.krd
٢- ساكار سمكۆ جميل (قوتابی ماستەر)
بەشی جوگرافیا، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان- عیراق.
SAKAR.JAMEEL@su.edu.krd

**پوختە :**
تاوانی دزیکردن وەکو هەر دیاردەیەکی دیکەی مرۆیی بەگوێرەی کات و شوێنی جوگرافی جۆر و قەبارەیان دەگۆڕێت، ئەم تاوانە بەرێکەوت دروست نابێت، بەڵکو چەندین پاڵنەری ئاواکاری و ئابووری و کۆمەڵایەتی و دەروونی هەن بۆ ئەنجامدانی و کاریگەری نەرێنی هەمەلایەنی لەسەر ئەو ژینگانە هەیە کە تیایاندا زۆر دەبێت، شاری هەولێریش وەکو پایتەختی هەرێمی کوردستان بەهۆی بەرفراوانی ئاواکاریەکەی و زیادبوونی دانیشتوانی و جەمسەرگیری بۆ وەزیفەی هەمەچەشن و زیادبوونی چینایەتی لەنێو کۆمەڵگەکەیدا، بۆتە هۆی زیادبوونی تاوان بەگشتی و تاوانی دزیکردن بەتایبەتی، ئەمەش بە بەهەدەردانی سەروەت و سامانی هاووڵاتییان لەقەڵەم دەدرێت و ئاسایشی شار دەشێوێنێت، ئامانجی ئەم توێژینەوەیە تیشك خستنە سەر جیاوازی شوێنی و کاتی خەسڵەتەکانی ئەم تاوانەیە لە نێوان هەردوو ساڵی ٢٠١٣ و ٢٠٢٣ دا، شیکردنەوەی دابەشبوونی شوێنی تاوان بەگوێرەی گەڕەك و شارەوانی و بەشەکانی دیکەی شاری هەولێرە بە بەکارهێنانی میتۆدی ئیستقرائی و شیکردنەوەی شوێنی و ئاماری لە رێگەی ئامرازەکانی شیکاری لە پرۆگرامی Gis Arc، بۆ ئەم مەبەستە توێژینەوەکە بۆ سێ تەوەری سەرەکی دابەشکراوە، یەکەمیان جەخت لەسەر چوارچێوەی تیۆری و ناوچەی توێژینەوە دەکات، دووەمیان باس لە جیاوازی کاتی خەسڵەتەکانی تاوانی دزیکردن دەکات، تەوەری سێیەمیان تیشك دەخاتە سەر جیاوازی شوێنی ئەم تاوانە و شیکاری بۆ دەکات لەرێگەی ئامرازەکانی پرۆگرامی Gis Arc. گرنگترین دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە زیادبوونی تاوانی دزیکردن لە ناوچەی توێژینەوە و دۆزینەی گەڕەکە مەترسیدارەکان و خاڵە گەرمەکان و سیفەتی کۆبوونەوەی شوێنی تاوانی دزیکردن. توێژینەوەکە بۆ پەرەپێدان و پاراستنی ئاسایشی شارەکە چەندین پێشنیازی بۆ لایەنی پەیوەندیدار بە ناوچە مەترسیدارەکان و ژینگە لەبارەکانی دروستبوونی تاوانبار کردوە.
**کلیلی وشەکان:** جیاوازی شوێنی و کاتی، جوگرافیای تاوان، تاوانی دزیکردن، خاڵە گەرمەکان، شاری هەولێر.

## پێشەکی:

مێژووی بوونی تاوان هەر لە سەرەتای بوونی ئادەمیزاد لەسەر زەویدا دەستی پێکردوە، بەڵام کاتێک شارستانیەتی مرۆڤایەتی پەرەیسەند و ژمارەی دانیشتوان زیاد بوو، شارەکان فراوانبوون، تاوانەکانی دانیشتوانەکەشی زیادیکرد و کاریگەرییەکانی لەسەر ژینگەی شارنشینی زیاتر بوو. تاوان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیی شوێنییە، کۆمەڵێک هۆکاری ئاواکاریی، دیمۆگرافی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و دەروونی بەیەکەوە دروستی دەکەن. تاوانی دزیکردنیش پێشەنگی تاوانەکانە، بە بەراورد بە جۆرەکانی تری تاوان کە لەشارەکانی جیهان بەربڵاوە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر ئاسایشی هاووڵاتیی شارنیشینی هەیە، ئەم جۆرە تاوانەش ڕەهەندی شوێنیی و کاتیی هەیە، بەگوێرەی گەڕەکەکان، کاتژمێرەکان، ڕۆژەکان، مانگەکان و وەرزەکانی ساڵ جیاوازە، بەڵکو لەئەنجامی دابەشبوونیان لە شوێنی شارنیشینی لەڕووی تەرز و ئاڕاستەی دابەشبوون و چڕیی جێگیربوونی و خاڵی گەرم و کۆبوونەوە و توندڕەویی لەدابەشبووندا جیاوازن، ئەمانەش هەوێنی لێکۆڵینەوە جوگرافییەکانن، جوگرافیناسان بۆ توێژینەوە لەبارەیان ڕادەکێشێت، چونکە توخمەکانی میتۆدی زانستیی جوگرافیای تێدایە لە زانینی جیاوازیی دابەشبوونی شوێنی و کاتیی، هۆکاری تاوان و کاریگەرییەکانی و تەرزەکانی دابەشبوون و ئاڕاستەیان. ئەم ڕاستیانە ئەگەر لە شارێکی وەکو هەولێر کە پایتەختی هەرێمی کوردستانی عێراقە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت و لە پلەبەندی ژمارەی دانیشتوان و ڕووبەری شارنیشینی بەراورد بە سەنتەرە شارنیشینەکانی هەرێم بە پلەی یەکەم دێت بەتایبەتی لەدوای سەرژمێری عێراق بۆساڵی ٢٠٢٤دا، ئەوا گرنگی تایبەتی خۆی هەیە و پێویستە و ئەرکێکی نیشتمانییە بۆ سەقامگیری ئەمن و ئاسایشی پایتەخت.

**گرنگی توێژینەوە:** ڕۆڵی جوگرفیناسان نیشان دەدات لە دارشتنی پلانی ئەمنیی تۆکمە لەرێگەی دابینکردنی داتابێسی وردی تاوان بە تەکنیکی سەردەم و ڕاسپاردەی کەتواریی و زانستیی بۆ

لایەنی پەیوەندیدار، هەروەها ڕێنیشاندەری توێژەرانی جوگرافییە بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر جۆرەکانی تری تاوان، چونکە بە دەستپێکی توێژینەوەیەکی ورد دادەنرێت لەبواری جوگرافیای تاوان لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و عێراق.

**کێشەی توێژینەوە:** ئەم توێژینەوە لەسەر یەك بنەما یاخود گۆڕاو بنیاتنراوە، ئەویش شوێنی تاوانی دزیکردنە لە شاری هەولێر، بەڵام گۆڕاوی شوێنی تاوانباران دوور خراوەتەوە، بۆیە پرسیارەکانی توێژینەوە گۆڕاوی یەکەم بە ئامانج دەگرێت:

١- ئایا جیاوازی کاتیی لە خەسڵەتەکانی تاوانی دزیکردن و زیادکردنی بەدی دەکرێت؟
٢- ئایا جیاوازی شوێنی لە قەبارەی تاوانی دزیکردن بەگوێرەی گەڕەکەکان و شارەوانییەکان و بەشەکانی شار بەدی دەکرێت؟
٣- ئایا لەڕووی تەرزی دابەشبوونی شوێنی تاوانی دزیکردن بە تەرزێکی ڕێکخراو بە دیار دەکەون یاخود بەشێوەی هەڕەمەکی یان لە شوێنێك کۆدەبنەوە ؟
٤- ئایا زیاتر لەکام ئاڕاستەی شار تاوانی دزیکردن ڕوودەدات؟ کێشەکە زیاتر بەکام ئاڕاستە بڵاو دەبێتەوە و تەشەنە دەکات؟
٥- ئایا جیاوازی لەچڕی تاوانی دزیکردن لە شوێنێک بۆ شوێنێکی تری شار هەیە؟
٦- ئایا گۆڕاوی شوێنی تاوانی دزیکردن خاڵی گەرم و سارد لە ناوچەی توێژینەوە دروست دەکەن؟
٧- ئایا لە دابەشبوونیاندا، زیاتر سیفەتی کۆبوونەوەی تێدایە یان سیفەتی توندڕەوی؟

**گریمانەی توێژینەوە:**

١- خەسڵەتەکانی کاتیی تاوانی دزیکردن بەگوێرەی ماوەی توێژینەوە جیاوازن و ڕوو لە زیادبوون دەکەن.
٢- قەبارەی تاوانی دزیکردن لە ڕووی جیاوازی شوێنیدا بەگوێرەی گەڕەك و شارەوانی و بەشەکانی شار دەگۆڕێت و جیاوازە .
٣- قەبارەی تاوانی دزیکردن لە دابەشبوونی شوێنییدا لەماوەی توێژینەوەکە، بەتەرزێکی هەڕەمەکی دابەش دەبن و ئەمەش لە دەرئەنجامی ڕێکەوت بووە.
٤- ئاڕاستەی ڕۆژهەڵاتی ناوچەی توێژینەوە زۆرترین ئاواکاری ڕووی تێکردوە، بەمەش تاوانی دزیکردن زیاتر لەم ئاڕاستەدا بوونی هەیە.
٥- چڕی دابەشبوونی تاوانی دزیکردن بەگوێرەی گەڕەك و شارەوانی و بەشەکانی شار جیاوازە.
٦- گۆڕاوی سەرەکی توێژینەوە تەنها خاڵی گەرم لە نێو شاری هەولێر دروست دەکەن.
٧- سیفەتی کۆبوونەوە لە شوێنی تاوانی دزیکردن زیاتر لە سیفەتی توندڕەوی لەدابەشبوونی شوێنیدا بەدیدەکرێت.

**ئامانجی توێژینەوە:** بریتییە لە دۆزینەوەی جیاوازیی شوێنی و کاتیی خەسڵەتەکانی تاوانی دزیکردن بەگوێرەی گەڕەکەکانی شاری لە هەردوو ساڵی ٢٠١٣ و ٢٠٢٣دا، هەروەها تیشکخستنە سەر تەرزی دابەشبوونیان و ئاڕاستەی جوگرافیی بوونی کێشەی توێژینەوە، زانینی چڕی جێگیربوونیان لەسەر ئاستی گەڕەکەکان و شارەوانییەکان و بەشەکانی شارەکە، هەروەها دەرخستنی خاڵە گەرمەکان و ساردەکان و دیاریکردنی کۆمەڵەکانی کۆبوونەوە و توندڕەویی تاوانەکانی دزیکردن، بە بەکارهێنانی تەکنیکەکانی سەردەم، بۆئەوەی ببێتە نەخشەڕێگایەک بۆ وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان و نووسینگەکانی نەهێشتنی تاوان بۆ چارەسەرکردنی

کێشەی دزیکردن لەلایەک و بۆ ڕێکخستنی بەڕێوەبردنی داتابێسیی تاوان، وەک لەم توێژینەوە کاری بۆ کراوە.

**میتۆدی توێژینەوە:** لەم توێژینەوەیەدا پشت بە میتۆدی (ئیستقرائی) بەستراوە، کە بە وردەکاری و تێبینی و بەشە بچووکەکانی تایبەت بە تاوانی دزیکردن لەنێو (دۆسیەکانی) نووسینگەکانی نەهێشتنی تاوان دەستپێکرد و بە بەشی گشتگیری و دەرئەنجامی گشتیی کۆتایی هات، دوای جێبەجێکردنی هاوکێشە بیرکاری و تەکنیکییەکانی سەردەم، لەنێو ئەم میتۆدەدا، بۆ ڕوونکردنەوەی ڕاستییەکان شێوازی وەسفی بەکارهاتووە، کەچی میتۆدی شیکردنەوەی شوێنی و ئاماری بۆ مۆدێلسازیی شوێنی داتای شوێنی تاوان بەکارهاتووە، ئەویش لەڕێگەی بەکارهێنانی پرۆگرامی ( ArcGis-Desktop-v.10.8).

**سنوری کاتی و شوێنی و بابەتی:** لەهەردوو ساڵی ٢٠١٣ و ٢٠٢٣دا لەشاری هەولێر، تاوانی دزیکردن لەهەر شوێنێک بێت لە نێو سنوری شارەوانی هەولێر بە هەموو جۆرەکانی وەرگیراوە.

**سەرچاوەی داتا و زانیاری:** وێڕای کتێب، توێژینەوەی زانستی و گۆڤار و نامە و تێزەکانی خوێندنی باڵا، توێژینەوەی گۆڕەپانی بەشێکی سەرەکی بەدەستهێنانی داتای تاوان بووە، بۆماوەی ٤ مانگ و سەرژمێریکردن و بەئەلیکترونیکردنی داتای نێو (پەڕاوی دۆسیەکانی پۆلیس) لە ١٢ نووسینگەی نەهێشتنی تاوانی هەولێر و شارەکانی پاشکۆی دەوروبەری.

**پلانی توێژینەوە** : بۆ پێکانی ئامانجی توێژینەوە، بابەتەکە بۆ سێ تەوەری سەرەکی دابەشکراوە، لە تەوەری یەکەم بنەما تیۆرییەکانی توێژینەوە و ناساندنی ناوچەی توێژینەوە لەخۆدەگرێت. لە تەوەری دووەمدا خەسڵەتەکانی کاتی تاوانی دزیکردن دەخرێتە بەرباس و لێکۆڵینەوە جیاوازی کاتیان دەستنیشان دەکرێت. لەمیانی پێنج تەوەری لاوەکییدا لەنێو تەوەری سێیەمدا، جیاوازی شوێنی بۆ شوێنی تاوانی دزیکردن سازدەکرێت بۆ وەڵامدانەوەی گریمانەکانی توێژینەوە بە بەکارهێنانی پرۆگرامی ( ArcGis-Desktop-v.10.8).

## 1- چوارچێوەری تیۆری و ناساندنی ناوچەی توێژینەوە:

لەم تەوەرەدا تیشك خراوەتە سەر ڕوونکردنەوەی گرنگترین ئەو چەمك و زاراوانەی پەیوەستن بە بابەتی توێژینەوە و دیاریکردنی ئەو توێژینەوانەی کە پێشووتر تاوتوێی ئەم بابەتەیان کردووە و ڕوونکراونەتەوە، ئەمە جگە لە ناساندنی شوێنی جوگرافی ناوچەی توێژینەوە.

### ١-١- ناساندنی چەمك و زاراوەکانی تایبەت بە توێژینەوە:

#### ١-١-١- چەمکی تاوانی دزیکردن- Theft Crime :

ئەم چەمکە لە دوو زاراوە پێکهاتوە یەکیان تاوان و ئەوەی تریان دزیکردنە، توێژەران لە دیدی جیاوازەوە پێناسەی ئەم چەمکەیان کردوە وەك دیدی (ئاینی، یاسایی، کۆمەڵایەتی)، سەبارەت بە زاراوەی تاوان لە دیدی ئاینەوە، تاوان بریتییە لە سەرپێچیکردن لە فەرمانەکانی خوای گەورە، کە لەگەڵ شەریعەتی پیرۆزی ئیسلام ناگونجێت، پێویستە بەگوێرەی شەریعەت مامەڵەی لەگەڵ بکرێت. (الحاتمي، ٢٠٠٨ ، ص ١٨). لە دیدی یاساوە یاساناسی ئەمەریکی (جیروم هول) لەبارەی تاوانەوە دەڵێت: بەپێی یاسای تاوان بریتییە لە زیانێکی قەدەغەکراو، لەلایەن کەسێکی پێگەیشتوو بەخواست و مەبەست ئەنجامیداوە، کە پێویستە سزایەکی دیاریکراو لە یاسادا وەربگرێت. (Hall, 1960, p55). کەچی(Dakkak, 2014, p13) تاوان بە کردارێکی دژ بە بەها کۆمەڵاتییەکان هەژمار دەکات، دەوڵەت لە ڕێگەی سزاو ڕێوشوێنەکانی خۆپارێزی کاردانەوەی لەسەر دەبێت، لە چەمکێکی گشتگیردا (Thotakura,2014,P196)

وای بۆ دەچێت کە تاوان هەڵەیەکی گشتیی بێت و بە هەڵسوکەوتێکی دژە کۆمەڵایەتی و ئایینی دادەنرێت، واتا ئەنجامدانی هەرکارێکی هەڵە و زیانگەیاندن بە خۆی یان دژی لایەنی دووەم و سێیەم، لەهەمانکاتدا کارێکی نایاساییە، کە هەڵدەستێ بە پێشێلکردنی یاسای دەوڵەت و لەلایەن کۆمەڵگەوە پەسەند نییە، دواجار یاساکانی سزادان دەیانگرێتەوە.

سەبارەت بە چەمکی دزیکردن بە مانای فێڵکردن لە مامەڵەکردن لەگەڵ موڵکی کەسێکی تر بە مەبەستی دزینی ئەو شتانەی کە خاوەنداریەتی خۆی هەیە، یاخود شتێک دەستبەسەردا بگیرێت، کە خواستی لایەنی دووەمی لەگەڵ دا نییە. (Griffiths, 2024, p45-46). یاخود بردنی هەر جۆرە کەلوپەلێك کە خاوەنەکەی بەدوای بگەڕێت و داوای بکاتەوە. (Spoelstra,2024, p2). لەڕوانگەی یاساییەوە لە یاسای عێراق بە ماددەی (٤٣٩)ی یاسای سزاداندا پێناسەی دزی کراوە کە بریتییە لە بردنی پارە یان ماڵ و موڵك کە خاوەنداریەتی کەسێکی ترە، بەم کارەش سەرپێچی دەکات و لەهەمانکاتدا کردارەکە بە ئەنقەست بێت ئەوە دەچێتە خانەی دزییەوە، تاوانی دزیکردن وەك هەر تاوانێکی دیکەیە کە دەرهەق بە کەسانێك یان مافی گشتی ئەنجام دەدرێت، بەمەش دەکەوێتە ژێر یاسای سزادان و یاسای سزادانی عێراق بە ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩ عێراق بەسەر جێبەجێ دەکرێت، (قانون العقوبات العراقي، ١٩٦٩). لە میانی کۆمەڵایەتییەوە، بەم جۆرە دەستنیشان کراوە، کە بریتییە لە ڕەفتاری خۆپەرستانە و کۆنترۆڵنەکراو خۆنەویستی کۆمەڵایەتی تێدا نییە، بەهۆیەوە تاک ئەو شتانە بەدەست دەهێنێت کە مافی خۆی نییە. ( الساعاتي، ١٩٨٧، ص ١٠٤).

لەسەر بنەمای پێناسەکانی پێشوو دەکرێت بەمشێوەیە دەستنیشانی تاوانی دزیکردن بکرێت کە جۆرێکە لە جۆرەکانی تاوان و بریتییە لە دەستبەسەرداگرتن و بردنی سەرمایە و کەلوپەل بە شێوەیەکی نهێنی بەبێ ئەوەی مۆڵەتی پێشوەختەی خاوەنەکەی وەرگیرابێت. بۆ ئەم مەبەستە تاوانبار بۆ ئەنجامدانی تاوانەکەی ماوەیەکی دوور یان نزیك لە شوێنی نیشتەجێبوونی خۆیەوە دەبڕێت، بەمەش یاساکانی سزادانی بەسەردا جێبەجێ دەبێت. زۆربەی جار ئەنجامدانی دزیکردن پاڵنەری ئابووری و کۆمەڵایەتی و دەروونی لە پشتە، ئەمەش وادەکات لێکەوتەی نەرێنی بەسەر هەردوو تاوانبار و تاوانلێکراودا بکەوێتەوە، ئەم کرداش بەگوێرەی کات و شوێنی جوگرافیی دەگۆڕێت. هەموو وەزیفەکانی شار لە ڕوودانی دزیکردن بەدەرنین و شوێنی (نیشتەجێبوون، بازرگانی، پیشەسازی، گواستنەوە، خزمەتگوزارییەکان)، لە ناوچە شارنشینیەکان بەراورد بە ناوچەی نشینگە گوندییەکان زیاتر ڕوودەدات.

### ١-١-٢ جوگرافیای کۆمەڵایەتی- Social Geography:

جوگرافیای کۆمەڵایەتی لێکۆڵینەوە لەسەر دابەشبوونی دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی سەر ڕووی زەوی، یاخود دیاردەیەکی دیاریکراو، لە ناوچەیەکی دیارکراو دەکات. کە گرنگی بە دابەشبوون و کات و شوێن و دەستنیشانکردنی هۆکار و شیکردنەوەی زانستی خستنەڕووی چارسەری گونجاو بۆ کێشە و دیاردە کۆمەڵایەتییە نەخوازراوەکانی ناو کۆمەڵگە دەخاتەڕوو. یان بەجۆرێکی تر جوگرافیای کۆمەڵایەتی، کێشە کۆمەڵایەتییەکان لەناوچە جوگرافییەکان دەستنیشان دەکات و دەیانبەستێتەوە بە ژینگەی سروشتی و مرۆیی، لەهەمانکاتدا تەرز و چارەسەر و شیکردنەوەی کاتی و شوێنی دەخاتە ڕوو. (العمر، و المومين، ١٩٩٩ ،ص١٧). سەرەڕای ئەمەش (برون-Brunn) بەم شێوەیە پێناسەی جوگرافیای کۆمەڵایەتی کردووە کە بریتییە لەو زانستەی لێکۆڵینەوە لەسەر کردارەکانی کارلێکردنی کۆمەڵایەتی لە شوێنێکی جوگرافی دیاریکراودا دەکات، هەروەها تیشك دەخاتە سەر ئەو ڕەفتارانەی لە ئەنجامی ئەم کارلێکردنە ڕوودەدات و دەبێتە



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 3
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

هۆی دروستبوونی تەرزی شوێنی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، ئەم دیاردانەش ڕەنگە تاکەکەسی بن یان کۆمەڵە کەسانێك یان دامودەزگای حکومی بێت (زعزوع، ٢٠٠٧ ،ص٤٦).

### ١-١-٣ جوگرافیای تاوان Geography of Crime :

(هربرت Herbert)  ئاماژە بەوە دەکات، کە جوگرافیای تاوان لە تەرزە شوێنییەکانی دیاردەی تاوان لە شوێنێکی جوگرافییدا دەکۆڵێتەوە، جگە لەمەش لێکۆڵینەوە لەسەر فاکتەرەکانی شوێنی بە هەموو لایەنەکانەوە (کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی) دەکات، بە ئامانجی باشکردنی ئەو ژینگە ناوخۆییەی کە تاوانباری لەخۆگرتووە، واتا لێکۆڵینەوە لە تاوان لێکۆڵینەوەیەکی پێشوەختەیە و ڕۆڵی لە تێگەیشتنی گرفتە کۆمەڵایەتی و شارستانیەتییەکان دەبێتە ئامرازێکی ڕێنوێنکار و ڕۆڵی جوگرافیناسەکان لەسەر ژینگە و کۆمەڵگاکە بە دیاردەخات، ئەمەش دەرئەنجامی سیستەمە کۆمەڵایەتییەکەیە. (زعزوع، ٢٠٠٧، ص١٤٣). بەڵام لەدیدی توێژەر (Erde) چەمکی جوگرافیای تاوان بەم جۆرە دەناسێنن کەتوارێکی ئاڕاستەی نوێی کۆمەڵایەتییە لەنێو جوگرافیادا. پەیوەندی بە چەندین زانستی ترەوە هەیە، وەك تاوانناسی و کۆمەڵناسی، یاخود کەتوارێکی کۆمەڵایەتییە، زانستەکانی تاوانناسی و کۆمەڵناسی و جوگرافیا بەیەکەوە دەبەستێتەوە و پەیوەندیەکی سێ لایەنەی هەیە، (Erde, 2020,p28). کەچی توێژەری تر دەڵێت: جوگرافیای تاوان بەشێکە لە جوگرافیای کۆمەڵایەتی و پەیوەستە بە لێکۆڵینەوەی لە بنەما کۆمەڵایەتی و چالاکیە کۆمەڵایەتییەکانی ژینگەی دەوروبەر، واتا خوێندنەوەیەکی گشتگیرانە بۆ هەڵسوکەوتی مرۆڤ و جیاوازی شوێنیان لە چوارچێوەی ژینگەیەکی کۆمەڵایەتییدا دەکات، لێرەدا توێژینەوەکان بۆ شیکردنەوە و دەرخستنی هۆکار و لایەنەکانی کۆمەڵگە و دەرئەنجامەکانی تاوان بە میتۆد و ڕێگەکانی جوگرافی ئەنجام دەدرێت. (محمد، ٢٠٠٨، ص٣٢).

### ١-١ ئاڕاستەکانی توێژینەوەکانی پێشوو:

توێژینەوەکان لە ڕووی ئاڕاستەوە جیاوازن و لەسەر بنەمای پێوەری ڕووبەری ناوچەی توێژینەوەکان دەتوانرێت بۆ دوو ئاڕاستەی سەرەکی پۆلین بکرێت:

١-<u>توێژینەوە گەورە و گشتگیرەکان- Large scale Studies:</u> بریتییە لەو توێژینەوانەی کە تاوان بە گشتی یاخود تەنیا تاوانی دزیکردن لە ڕووبەرێکی فراوان وەرگیراوە، جا لەسەر ئاستی هەرێمێک یان پارێزگایەك یان ئاستی سەنتەرە شارنیشینەکانی هەموو وڵات یاخود لەسەر ئاستی هەموو وڵات بێت، جا چ بە بەکارهێنانی پرۆگرامەکانی ((Arc-Gis یاخود(Spss)، وەک توێژینەوەی(N.Ramos,2022) لە شارەکانی وڵاتی بەڕازیل، توێژینەوەی (الهاجری،٢٠١٧) لە پارێزگاکانی وڵاتی قەتەر، یان توێژینەوەی (البطوش،٢٠١٥) لە پارێزگاکانی وڵاتی ئوردن، هەمان سیستەمی توێژینەوە لە هەردوو توێژینەوەی (جواد،و کامل،٢٠٢٣) و (الجبوری،٢٠١٥) بە ڕوونی بەدیاردەکەوێت.

٢-<u>توێژینەوە بچووک و وردەکان:Small scale studies:</u> ئەو توێژینەوانە دەگرێتەوە کە لەسەر ئاستی شارەکان نووسراوە، واتە لەڕووبەرێکی بچووک توێژینەوەکانی تاوانەکان بە هەموو جۆرکانی یاخود تاوانی دزیکردن لەسەر ئاستی گەڕەکەکان توێژینەوەیان لەسەر کراوە، بە بەکارهێنانی پرۆگرامەکانی Gis Arc و Spss یاخود بەبێ هیچ پرۆگرامێک، وەک توێژینەوەی (G.ouldsr and J.eyans-1984) لەشاری نیوکاسل بە تایبەتی لە گەڕەکە هەژارنیشینە

نالەبارە كۆنەكان، یاخود توێژینەوەیەكی تر لە شاری سوانزی كە پەیوەندی ژینگەی نیشتەجێبوون كاریگەری لەسەر زیادبوونی تاوان وەرگرتووە (Herbert,1982)، جگە لە هەردوو توێژینەوەی لە شاری بەسرە و شاری عەفەك لە پارێزگای قادسیە كە تیشك دەخرێتە سەر تاوانی دزیكردن بە تایبەتی بە بەكارهێنانی Gis Arc، (مردان،وكاظم،٢٠١٧) و (الجبوری,٢٠٢٥)، هەمان میتۆد و ئاراستە لە توێژنەوەی شاری مەككە بە دیاردەكەوێت (الطرفي،٢٠٠٠).

لەسەرئاستی هەرێمی كوردستاندا توێژینەوە لەهەردوو ئاراستەدا زۆر كەمن بە تایبەتی لە پسپۆری جوگرافیادا، یەكەم توێژینەوە لەسەر ئاستی پارێزگای دهۆك كراوە لە شاری دهۆك كە جیاوازی شوێنی لەسەر ئاستی پارێزگا بووە نەك شار، (تیلی،٢٠٢٢)، هەروەها توێژینەوەی (پیردواد،٢٠١٧) لە بواری كۆمەڵناسی ئەنجامدراوە لەسەر ئاستی پارێزگاكانی هەرێمی كوردستان بووە.

ئەم توێژینەوەیە بە یەكەم توێژینەوەی جوگرافی لە هەرێمی كوردستان و عێراق دادەنرێت كە بە وردی لە ئاراستەی دووەم كار دەكات، لەسەر ئاستی گەڕەكەكان و خەسڵەتەكانی شوێنی تاوان ڕوون دەكاتەوە، جگە لە جیاوازی شوێنی و كاتیان، بە بەكارهێنانی تەكنیكی ( ArcGis-Desktop-v.10.8).

١-٣ ناساندنی شاری هەولێر:

شاری هەولێر دەكەوێتە نێوان هەردوو بازنەی پانی (″36°04′40″–36°18′25) لەباكوور و هەردوو هێڵی درێژی (″43°55′55″–44°09′20) لەڕۆژهەڵاتی گۆی زەوی، (نەخشەی١). لەسەر بنەمای ئەم شوێنە فەلەكییە ناوچەی توێژینەوە دەكەوێتە نزیك ناوەڕاستی پارێزگای هەولێر و هەرێمی كوردستان و بەشی باكووری ڕۆژهەڵاتی عێراق، لەناوچەی نیمچە چیایی لەسەر دەشتی هەولێر و بە دەروازەیەك دادەنرێت بۆچوونە نێو ناوچەی چیایی (سادە و ئاڵۆز) لە پارێزگای هەولێر. لەڕووی كارگێڕی و سیاسییەوە پایتەختی هەرێمی كوردستانی عێراقە و بە سەنتەری پارێزگای هەولێر هەژمار دەكرێت، لە باكوورەوە قەزای عەنكاوە و بەحركە و پیرمام دەوریانداوە، لە ڕۆژهەڵاتەوە قەزای بنەسڵاوە و كۆیە، كەچی لە باشوورەوە بەشێك لە قەزای بنەسڵاوە و سەنتەر و قوشتپە دەوری شارەكەی داوە، لە ڕۆژئاواوە لەگەڵ قەزای خەبات هاوسنورە. نەخشەی(١)، لەڕووی مێژووییەوە بەكۆنترین شارە مێژووییەكان هەژماردەكرێت كە تا ئێستا ژیان تێدا ماوە. (مكاي، ١٩٦١،ص١٣٧). لەڕووی ئابوورییەوە بە شارێكی بازرگانی گرنگ هەژمار دەكرێت، چونكە بنەمای ئابووری شارەكە بەچالاكی بازرگانییەوە بەندە، شوێنی كۆبوونەوەی لقی گەورە كۆمپانیا بازرگانییە بەناوبانگەكانی جیهانە و پێگەی وەبەرهێنانە لەبواری چالاكی جۆراوجۆر (بازرگانی، نیشتەجێبوون، خۆشگوزەرانی، گەشتوگوزاری).

**١-٣-١جیاوازی شوێنیی گەڕەكەكان بەگوێرەی شارەوانییەكان(٢٠١٣-٢٠٢٣):**

ناوچەی توێژینەوە لە ٦ شارەوانی سەرەكی پێكهاتووە، بەڵام لەڕووی ژمارەی گەڕەكەكان و هەڵكشانی سنوری هەر شارەوانییەك جیاوازی هەیە لەنێوان ساڵانی توێژینەوە (٢٠١٣-٢٠٢٣)دا، شارەوانی یەك كە سەنتەری شارە و ناوچەی كارەكانی ناوەندی (CBD) لەخۆدەگرێت، هیچ گۆڕانكارییەك لەمانەی باسكران لە سنوری ئەم شارەوانییە نەبووە، كەچی لە سنوری شارەوانیی دوو ٢١ گەڕەكی نوێ لە ساڵی٢٠٢٣ زیادبووە، جگە لەگۆڕینی ناو و لكاندنی گەڕەك، بەمەش لە ١٣ گەڕەك لەساڵی ٢٠١٣ دەبێتە ٣٣ گەڕەك ، كەچی شارەوانی سێ لە بەشی باكووری خۆرهەڵاتی شارەكە دایە و لە ١٤ گەڕەك لەساڵی ٢٠١٣ بۆتە ٢٨ گەڕەك،


Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 3
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)
مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٣


گۆڕانکارییەکان بریتییە لە زیادبوونی ١٤ گەڕەکی نوێ لە ساڵی ٢٠٢٣ جگە لە گۆڕینی ناو و لێکترازانی گەڕەک.

لەساڵی ٢٠٢٣ شارەوانی چوار ٣٥ گەڕەک لەخۆدەگرێت، بەڵام لەساڵی ٢٠١٣ تەنیا ٣١ گەڕەک بووە، ئەم شارەوانیەش بەشی ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵاتی شار دەگرێتەوە، سەرنج بدە نەخشەی (٢)، ئەمە جگە لە گۆڕانکاری دیکەی سنوری گەڕەکەکان لەلێکترازان و لکاندن و گۆڕینی ناو. لە شارەوانی پێنج لەنێوان ساڵانی ٢٠١٣ و ٢٠٢٣دا ژمارەی گەڕەکەکان لە ١٧ گەڕەکەوە بۆ ٢٤ گەڕەک زیادی کردووە، گۆڕانکارییەکان بریتی بوون لە زیادبوونی ٦ گەڕەک و گۆڕانی ناوی گەڕەک و لێکترازانی گەڕەکەکان، ئەم شارەوانییەش بەشی باشووری ناوچەی توێژینەوە داگیردەکات، بەڵام لە ئاڕاستەی باکوری ڕۆژئاوا تا باشووری ڕۆژئاوا شارەوانی شەش دێت کە لە ١٣ گەڕەکەوە لەساڵی ٢٠١٣ بۆتە ٢٥ گەڕەک بە زیادبوونی ٧ گەڕەک و بوونی حاڵەتی لێکترازانی گەڕەک و گۆڕانی ناو بە بەراورد بە ساڵی ٢٠١٣دا. لەسەر بنەمای ئەو گۆڕانکارییانەی پێشوو ڕووبەری ئاواکاریی شاری هەولێر لەساڵی ٢٠١٣ (١١٨,٩٥)کم$^2$ بووە لە ٩٩ گەڕەکدا، بەڵام لەساڵی ٢٠٢٣دا گەیشتۆتە (169.29) کم$^2$ لە ١٥٦ گەڕەکدا، واتە (٥٠,٣٤) کم$^2$ و لەماوەی ١٠ ساڵدا ٥٨ گەڕەك زیادی کردووە.

**١-٣-٢ جیاوازیی شوێنیی بەشەکانی شار (٢٠١٣-٢٠٢٣):**

بۆ ئاسانی شیکردنەوەی شوێنیی تایبەتمەندییەکانی تاوانی دزیکردن لە سەنتەری شار بە بەراورد بە لێوار و دەوروبەری شار، بە باشمانزانی ناوچەی توێژینەوە لەسەر بنەمای زانستی تیۆریی جوگرافیای شار و جوگرافیای تاوان و بەگوێرەی شەقامە بازنەییە سەرەکی و خێراکانی نێو شاری هەولێر بۆ چەند بەشێک دابەشبکرێت، ئەمەش هاندەرێک بوو بۆ پارچەکردنی شارەکە بۆ چەند بەشێکی دیاریکراو وەک لەنەخشەی (٢) بەدیار کەوتووە. بەشی یەکەم لە قەڵای هەولێرەوە دەستپێدەکات تا شەقامی بازنەیی بارزانیی نەمر- (٣٠)م، کە بەفەرمی پێی دەگوترێت (سەنتەری شار)، بریتییە لە سنوری ناوچەی کارەکانی ناوەندی (CBD)، بەشی دووەم لە شەقامی بازنەیی بارزانیی نەمر- (٣٠)م دەستپێدەکات تا شەقامی بازنەیی پێشەوا قازی --١٠٠م، بریتییە لەو گەڕەکانەی کە لە ناوەوەی شار هەڵکشاون، کەچی لە پاش سنوری شەقامی پێشەوا قازی-١٠٠م تا شەقامی ١٢٠م بریتییە لە لێواری شار یاخود قەراغی شار، کەچی دەوروبەری شار لە پاش شەقامی بازنەیی ١٢٠م یەوە دەستپێدەکات تا شەقامی بازنەیی ١٥٠م کە زۆربەی پرۆژەکانی نیشتەجێبوونی پلانبۆدانراو لەم سنورەن هاوشانی گوندەکانی کرداری دیلبوونی شارنشینی کە بوونەتە گەڕەك.


لەساڵی ٢٠١٣ ژمارەی گەڕەکەکانی بەشی دەوروبەری شار بە بەراود بە ساڵی ٢٠٢٣ کەمترە، ئەمەش دەرئەنجامێکی ئاساییە بەهۆی فراوانبوونی سنوری شاری هەولێر لەم بەشەدا، بڕوانە نەخشەی (٢). ئەم جیاوازیانەش بریتییە لە (گۆڕینی ناو، لێکترازانی سنوری گەڕەک، لکاندنی گەڕەک، زیادبوونی گەڕەکی تازە)، هەروەک لە نەخشەی (٢) بەدیار دەکەوێت.




**نەخشەی (١) ناساندنی پێگەی شوێنی جوگرافیی شاری هەولێر لە ساڵی ٢٠٢٣**

سەرچاوە: کاری توێژەران پشتبەستن بە ١- ( وەزارەتی پلاندانان، (٢٠١٣-٢٠٢٣)).٢ - (وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، (٢٠١٣-٢٠٢٣)).٣- بەڕێوەبەرایەتی نەخشەدانانی هەولێر ،(٢٠١٣-٢٠٢٣)،

٤- (. ArcGis-Desktop-v.10.8).



**نەخشەی (٢) جیاوازی شوێنی سنوری گەڕەکەکان بە گوێرەی شارەوانییەکان و بەشەکانی شاری هەولێر(٢٠١٣-٢٠٢٣)**

سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەستن بە: سەرچاوەکانی نەخشەی (١) .

## ٢- جیاوازیی کاتی تاوانەکانی دزیکردن (٢٠١٣-٢٠٢٣):

تاوانی دزیکردن بەگوێری کاتی توێژینەوە جیاوازە، لێرە خەسڵەتەکانی تاوانی دزیکردن بۆ خەسڵەتەکانی تایبەت بە شوێنی تاوان پۆلین دەکرێت، وەك لەمانەی خوارەوە دەخرێتە بەر باس و لێکۆڵینەوە:

### 2-1 دابەشبوونی قەبارە و ڕێژەی ژمارەی تاوانی دزیکردن /

بە سەیرکردنی خشتەی (١) تێبینی گۆڕانکاری گەورە دەکرێت لە بەرزبوونەوەی ڕێژە و ژمارەی تاوانی دزیکردن لە شاری هەولێر لەماوەی (٢٠١٣_٢٠٢٣). بەجۆرێك ژمارەی تاوانی دزیکردن لەساڵی ٢٠١٣ دا گەیشتۆتە ٢٣٨ تاوان بە ڕێژەی ٦% لە کۆی گشتی هەموو جۆرە تاوانێك لە شاری هەولێر کە ٤١٤٠ تاوان تۆمارکراوە، کەچی بۆ ساڵی ٢٠٢٣ سێ هەندە بەرز دەبێتەوە بۆ

٩٣١ تاوانی دزیکردن، بە ڕێژەی ١٠% لە کۆی گشتی هەموو جۆرە تاوانێك کە ٩٣٨٥ تاوان تۆمارکراوە، بە واتایەکی تر نەك هەر ژمارەی تاوانی دزیکردن بە جیاوازی ٦٩٣ تاوان زیاد بووە، بەڵکو هەموو جۆرەکانی دیکەش بە جیاوازی ٥٢٤٥ تاوان هەڵکشانی بەخۆیەوە بینیوە. ئەم بەرزبوونەوەیە ڕەنگدانەوەی ئەو بارە نەخوازراوە داراییە کە بەسەر هەرێمی کوردستان داهاتووە، لە بڕینی موچە و بودجە لەلایەن حکومەتی ناوەند، هاوکات دوای ساڵی ٢٠١٣ شاری هەولێر بۆتە مەڵبەند و کۆبوونەوەی ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوانی نەتەوە جیاوازەکان، بەتایبەت ڕووتێکردنی ئاوارەکانی عێراق و پەنابەرانی سوریا و جەنگی داعش بۆ سنوری هەرێمی کوردستان و ناوچەکانی دەوروبەری، هاوکات هاتنی کرێکارانی بیانی بۆ شاری هەولێر وەکو دەستیکار، خۆی لەخۆیدا کاریگەری بە جێدەهێڵێت لەسەر بەرزبوونەوەی ژمارەی ئەنجامدانی تاوان.

سەبارەت بە ژمارەی تاوانی بکەرەکانی دیار و نادیار بەهەمان شێوە گۆڕانی بەسەرداهاتووە بۆ هەردوو ماوەی توێژینەوە (٢٠١٣ _ ٢٠٢٣ )، ڕێژەی تاوانی بکەرەکانی دیار لەنێوان ٩٢,٤% ، ٨٩,٨% بووە. لەڕووی قەبارەشەوە ئاماژەیەکی باشە، بەهۆی ئەو پێشکەوتنە خێرایەی بەسەر بواری چاودێریکردن و کامێرە چاودێرییەکان داهاتووە، هەروەها توندوتۆڵکردنی ڕێوشوێنە ئەمنیەکان لەشاری هەولێر تواندراوە بکەرەکان بناسرێن و سزا بدرێن، هەرچی ژمارەی تاوانی بکەر نادیارە لەساڵی ٢٠١٣ ڕێژەی 7,6%ی تۆمارکردووە، کە ڕێژەیەکی نزم پێکدەهێنێت، بەڵام بۆ ساڵی ٢٠٢٣ بەرزدەبێتەوە بۆ ١٠,٢%.

خشتەی (١) دابەشبوونی قەبارە و ڕێژەی تاوانی دزیکردن لە شاری هەولێر (٢٠١٣-٢٠٢٣)

| تایبەتمەندییەکان | 2013 | % | 2023 | % |
|---|---|---|---|---|
| ژ. تاوانی دزیکردن | 238 | ٦ | 931 | ١٠ |
| ژ. تاوانی بکەرەکانی دیارن | 220 | 92.4 | 836 | 89.8 |
| ژ. تاوانی بکەرەکانی نادیارن | 18 | 7.6 | 95 | 10.2 |
| کۆی گشتی هەموو جۆرەکانی تاوان | 4140 | - | 9385 | - |

سەرچاوە / کاری توێژەران بە پشتبەستن بە (وەزارەتی ناوەخۆ، ٢٠١٣-٢٠٢٣).

## 2-2 دابەشبوونی قەبارە و ڕێژەی شوێنی ئەنجامدانی تاوانی دزیکردن /

دزیکردن بێبوونی شوێنی جوگرافی ئەنجام نادرێت، هەر دزیکردنێك وابەستەیە بەو شوێنە جوگرافییەی کە تاوانبار پلانی پێشوەختەی بۆ دادەنێت. بەڕوانین لە خشتەی (٢) و شێوەی (1) ڕوون دەبێتەوە لەسەر ئاستی هەر دوو ماوەی توێژینەوەدا (٢٠١٣_٢٠٢٣)، یەکەم وێستگەی ئەنجامدانی تاوانەکە بریتیبووە لە ماڵەکان، بەشێوەیەك لەساڵی ٢٠١٣ دا بەرزترین ڕێژەی داگیرکردووە کە گەیشتۆتە 59.7% لەکۆی گشتی تاوانی دزیکردن، بۆ ساڵی ٢٠٢٣ بەهەمان شێوە ماڵەکان بۆتە شوێنی دزیکردنی تاوانباران، بەڵام لەم ساڵەدا ڕێژەکەی دادەبەزێت بۆ 41.6% ، لەلایەکیترەوە شوێنی دزیکردن لە بازاڕو و مۆڵەکان ڕێزبەندی دووەم داگیر دەکات، لەسەر ئاستی هەردوو ماوەدا. بەرزترین ڕێژەش دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٢٠٢٣ کە گەیشتۆتە 30.2%، بە پلەی سێیەم گەراجی ئۆتۆمبێل و شەقامی سەرەکی و لاوەکی و کۆڵانەکان دێت بە ڕێژەی ١٠,١% و١٨,٧% لە ساڵی ٢٠١٣ و٢٠٢٣دا، سەبارەت بە دزیکردن لە شوێنی هۆتێل و مۆتێل و پارك و چێشتخانە و دامودەزگای فەرمی و نافەرمی، بەکۆی ڕێژەی ١٠,٥% و ٢٠% پێکدەهێنێت بۆ ساڵی ٢٠١٣ و٢٠٢٣ .


خشتەی (٢) دابەشبوونی قەبارە و ڕێژەی شوێنی ئەنجامدانی تاوانی دزیکردن  لە شاری هەولێر (٢٠١٣_٢٠٢٣)

| شوێنی تاوان | 2013 | % | 2023 | % |
|---|---|---|---|---|
| ماڵ | 142 | 59.7 | 388 | 41.6 |
| بازاڕ و مۆڵەکان | 47 | 19.7 | 281 | 30.2 |
| دامودەزگای فەرمی و نافەرمی | 15 | 6.3 | 40 | 4.3 |
| گەراجی ئۆتۆمبێل شەقامی سەرەکی و لاوەکی و کۆڵانەکان | 24 | 10.1 | 174 | 18.7 |
| هۆتێل و مۆتێل و پارکەکان و چێشتخانەکان | 10 | 4.2 | 48 | 5.2 |
| کۆی گشتی تاوانەکانی دزیکردن | 238 | 100 | 931 | 100 |

سەرچاوە/ کاری توێژەران بە پشتبەستن بە: سەرچاوەی خشتەی (١).

ئەوەی شایەنی باسە ڕێژەکانی دزیکردن لە بازاڕ و مۆڵەکان و گەراجی ئۆتۆمبێل و شەقام و کۆڵانەکان و شوێنە خۆشگوزەرانییەکان لە ماوەی ١٠ ساڵ زیادی کردوە، بەپێچەوانەی ماڵەکان و دامودەزگای فەرمی و نافەرمی کەمی کردوە، لە ڕووی قەبارەوە گشتیان زیادیان کردوە، بەڵام جیاوازی لە ڕێژەکان دەگەڕێتەوە بۆ زیادبوونی بەرچاوی ژمارەی دزیکردن لە بازاڕەکان و گەراج و شەقامەکان کە کاریگەری لەسەر  ڕێژەکان دەکەن. لێرەدا دەگەین بەوەی بڵێین کە تاوانی دزیکردن لە شاری هەولێر لە شوێنی جیاجیا ڕوویان داوە هیچ بەکارهێنانەکی زەوی نێو شار لەم تاوانە بەدەر نەبووە.

شێ... (٢...




سەرچاوە / کاری توێژەران بەپشتبەستن بە خشتەی(٢).

## ٣-2 دابەشبوونی قەبارە و ڕێژەی تاوانی دزیکردن بەگوێرەی جۆری کەل و پەلی دزراو /

لەهەندێ سەرچاوەی ئەکادیمی لەنێوانیاندا توێژەر (Smith) دەربارەی جۆری کەلوپەل دەنووسێت تاوانبار بەدوای ئەو شتانەوە دێت بۆ دزیکردن کە نرخیان هەیە، هەروەها بە ئاسان و بەخێرایی توانای  گواستنەوەیان هەیە، و دواتر مامەڵە و سەودای پێدەکات. لەهەمانکاتدا جوڵەکردن و شاردنەوەی ئەم جۆرە کەلوپەلانە باشترە، بەراورد بەجۆرەکانی تر کە ئەوانیش بریتیین لە (پارە و زێڕ و دەمانچە و مۆبایل). (Smith,2017, p1_3). هەروەك لەخشتەی (٣) بەدیاردەکەوێت زۆرترین جۆری ئەو کەلوپەلانەی کە لە ماوەی (٢٠١٣_٢٠٢٣) دزراون بریتی بوونە لە (پارە و زێڕ و زیو و دەمانچە و مۆبایل و جانتای ئافرەتان)، بەرزترین ڕێژەش بۆ ساڵی ٢٠١٣ دەگەڕێتەوە کە 68.9% تۆمارکراوە. لە ڕێزبەندی

دووەمیش دزیکردن لە جۆری ماتۆڕسیکل و پاسکیل دێت، بەرزترین ڕێژەش لە ساڵی ٢٠٢٣ دابووە کە ڕێژەی ٢٠% ی پێکهێناوە. جۆرێکی تریش لە دزیکردن خۆی لە کەلوپەلی ئەلیکترۆنی و کارەبایی دەبینێتەوە، کە ئەمەش ڕێژەیان لەنێوان (٢٠١٣_٢٠٢٣) بەشێوەی یەك بەدوای یەك بەرزدەبێتەوە کە (7.6%، 12.8%) بووە.

خشتەی (٣) قەبارە و ڕێژەی تاوانی دزیکردن بەگوێرەی جۆری کەلوپەلی دزراو لە شاری هەولێر لەماوەی نێوان (٢٠١٣_٢٠٢٣)

| جۆری کەلوپەلی دزراو | 2013 | % | 2023 | % |
|---|---|---|---|---|
| پارە و زێڕ و دەمانچە ومۆبایل و جانتای ئافرەتان | 164 | 68.9 | 535 | 57.4 |
| کەلوپەلی ئەلیکترۆنی و کارەبایی | 18 | 7.6 | 119 | 12.8 |
| ئۆتۆمبێل و کەلوپەلی ناو ئۆتۆمبێل و پارچەکانی ئۆتۆمبێل | 30 | 12.6 | 35 | 3.8 |
| ماتۆڕسیکڵ و پاسکیل | 13 | 5.5 | 186 | 20 |
| جۆری تر | 13 | 5.5 | 56 | 6 |
| کۆی گشتیی تاوانەکانی دزیکردن | 238 | 100 | 931 | 100 |

سەرچاوە/ کاری توێژەران بە پشتبەستن بە: سەرچاوەی خشتەی (١).

## ٤-2 دابەشبوونی قەبارە و ڕێژەی تاوانی دزیکردن بەگوێرەی ئاستی بینین (ڕۆژ و شەو) و کاتژمێرەکاندا/

زۆربەی سەرچاوە زانستییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە دیاردەی تاوانی دزیکردن زیاتر لە شەودا ڕوودەدات، بەراورد بە ڕۆژ بەهۆکاری ئەوەی تاوانبار متمانە بەخۆبوونی زیاترە و خەڵك کاتی پشوودانێتی، هەروەها بیناوی کەمترە کە ڕووناکی کەمتر دەبێتەوە. یاخود شایەتحاڵی ڕووداوەکان لەشەو کەمتر لە دەوروبەری ڕووداوەکان دەبن، بەمەش مەترسی دەستگیرکردنیان کەمتر دەبێت. (Herrmann,2015, p5_7). هەر وەك لەخشتەی (٤) دەردەکەوێت، دزیکردن لەکاتی شەو بەڕێژەی 56.7% لەساڵی ٢٠١٣ لەڕۆژ زیاتر بووە، کەچی لە ساڵی ٢٠٢٣ دا دزیکردن لەکاتی ڕۆژدا بەڕێژەی 49.8% زیاترە، لەم ڕووە دەکرێت ئاماژە بەخاڵێکی گرنگ بکرێت، لە ئێستادا بۆتە دیاردەیەکی ڕوون لەنێو دانیشتوانی شاری هەولێر کە بەشێك لە خانەوادەکان تا نزیك بەرەبەیان بەئاگان، ئەمەش ڕەنگدانەوەی دیاری لەسەر کەمکردنەوەی ئەم ئاستە لەکاتی شەو بەراورد بە ساڵی ٢٠١٣دا هەبووە. لەلایەکی ترەوە کاتی ڕۆژ کاتی کارکردنە لە فەرمانگەکان و بازاڕ و مۆڵەکان و گەراجی ئۆتۆمبێل و شەقامەکان جەنجاڵن، ئەمەش تاوانبار بەدەرفەتی دەزانێ بۆ ئەنجامدانی تاوان لەکاتی جەنجاڵیدا. سەبارەت بەکاتی بەیانیان am لەنێوان ١-٦ و ٧-١٢ی نیوەڕۆ لە ماوەی توێژینەوە ڕیزبەندی یەکەم و دووەمیان تۆمارکردووە بە کۆی ڕێژەی (٦٧,٣% و ٥٧,٧%) یەك بەدوای یەکدا. دەربارەی کاتەکانی ئێواران pm لەنێوان کاتژمێرەکانی ١-٦ ، ٧-١٢ تارادەیەکی زۆر ئەم دوو کاتە لەیەکەوە نزیکن لەڕێژەوە جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە لە ڕیزبەندییەکانی سێیەم و چوارەمن. ئەمەش ئەوە دەگەیێنێت نە ڕۆژ و نە شەو نە کاتژمێرەکانیش لە ڕودانی تاوانی دزیکردن بەدەر نین.

خشتەی (٤) دابەشبوونی قەبارە و ڕێژەی تاوانی دزیکردن بەگوێرەی ئاستی بینین وکاتژمێرەکان لەشاری هەولێر (٢٠١٣_٢٠٢٣)

| کاتژمێرەکان | | 2013 | % | 2023 | % |
|---|---|---|---|---|---|
| بەیانیان-am | 6-1 | 88 | 37 | 265 | 28.5 |
| | 12-7 | 72 | 30.3 | 273 | 29.2 |
| ئێواران-pm | 6-1 | 31 | 13 | 194 | 21 |
| | 12-7 | 47 | 19.7 | 199 | 21.3 |
| شەو (*) | | 135 | 56.7 | 464 | 49.8 |
| ڕۆژ | | 103 | 43.3 | 467 | 50.2 |
| کۆی گشتیی تاوانەکانی دزیکردن | | 238 | 100 | 931 | 100 |

سەرچاوە/ کاری توێژەران بەپشتبەستن بە: سەرچاوەی خشتەی (١)

(*) شەو لە (کاتژمێر٧ ئێوارە تا ٦ بەیانی)، ڕۆژ لە ( کاتژمێر ٧ی بەیانی تا ٦ ئێوارە ).


**5-2 دابەشبوونی قەبارە و ڕێژەی تاوانی دزیکردن بەگوێرەی ڕۆژەکانی هەفتە/**

تاوانی دزیکردن لە شاری هەولێر بە سەر ڕۆژەکانی هەفتە دابەش بووە، لە یەك ڕۆژ چڕ نەبۆتەوە، بەڵکو بە ڕێژە و قەبارەی جیاوازن بە سەرنجدان لە خشتەی (٥) شێوەی (٢) دەردەکەوێت، ڕۆژەکانی کۆتایی هەفتە پێنجشەممە و هەینی و شەممە لەماوەی توێژینەوە بەکۆی ڕێژەی ٤٢% بەشدارن لە تۆمارکردنی دزیکردن تیایاندا، بەتایبەتی ڕۆژانی پێنجشەممە کە زۆرترین دانیشتوان لە دەرەوەی ماڵەکانی خۆیانن چ بۆ گەشتوگوزار و سەردانی باخەکانیان یان بۆ شوێنە خۆشگوزەرانییەکانی نێو شار. سەبارەت بە ڕۆژانی کارکردنی فەرمی لەم تاوانە بەدەر نەبووە بە تایبەتی ڕۆژی یەکشەممە لەماوەی توێژینەوەدا کە ڕێژەکەی لە ١٥% لەکۆی تاوانەکان کەمتر نەبووە.

خشتەی (٥) دابەشبوونی قەبارە و ڕێژەی تاوانی دزیکردن بەگوێرەی ڕۆژەکانی هەفتە لە شاری هەولێر (٢٠١٣_٢٠٢٣)

| ڕۆژەکان | 2013 | % | 2023 | % |
|---|---|---|---|---|
| شەممە | 30 | 12.6 | 59 | 6.3 |
| یەکشەممە | 36 | 15.1 | 147 | 15.8 |
| دووشەممە | 36 | 15.1 | 133 | 14.3 |
| سێشەممە | 28 | 11.8 | 130 | 14 |
| چوارشەممە | 38 | 16 | 125 | 13.4 |
| پێنجشەممە | 51 | 21.4 | 190 | 20.4 |
| هەینی | 19 | 8 | 147 | 15.8 |
| کۆی گشتیی تاوانەکان | 238 | 100 | 931 | 100 |

سەرچاوە/ کاری توێژەران بەپشتبەستن بە: سەرچاوەی خشتەی (١).




شێوەی (٢) دابەشبوونی ڕێژەی تاوانی دزیکردن بەگوێرەی ڕۆژەکانی لەشاری هەولێر (٢٠١٣_٢٠٢٣)
سەرچاوە / کاری توێژەران بەپشتبەستن بە خشتەی(٥).

## 6-2 دابەشبوونی قەبارە و ڕێژەی تاوانی دزیکردن بەگوێرەی وەرزەکانی ساڵ/

توێژینەوە زانستییەکان سەبارەت بە وەرزەکانی ساڵ و ئەنجامدانی تاوان، جەخت لەوە دەکەنەوە ئەنجامدانی جۆرەکانی تاوان لە وەرزە گەرمەکانی ساڵ (هاوین) زیاتر بەرز دەبێتەوە. بە شێوەیەك ئەنجامدانی تاوان لە بەشی باکووری ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و ئەڵمانیا و ئیتاڵیا بەراورد بە باشوور کە وەرزەکانی گەرمی زیاتر بەسەریاندا زاڵە کەمترە، یان بەجۆرێکی تر سەیر بکرێت لە وەرزە گەرمەکان زیاتر خەڵك ماڵەکانیان جێدەهێڵن دەچنە شوێنە خۆشگوزەرانییەکانی شار بۆ کات بەسەربردن، (التلباني، ٢٠٠٩، ص١٥)& (بدوي، ٢٠٠٣، ص٣٩). بۆیە دەرفەتێکە بۆ تاوانی دزیکردن چ لەماڵەکان بێت یاخود لە دەرەوەی ماڵ بێت.

بەڕوانین لە خشتەی (٦) دەردەکەوێت هەر چوار وەرزی ساڵ تاوانەکان بە قەبارە و ڕێژەی جیاواز بەسەریان دابەش بووە، بەشێوەیەك لە هەردوو ساڵی ٢٠١٣_٢٠٢٣ زۆرترین تاوانەکانی دزیکردن لە وەرزی هاوین کۆبۆتەوە کە ڕێژەیان لەنێوان ( 28.6% _٢٥,٧%) بۆ هەردوو ساڵدا بووە، بە تێکڕای مانگانە ( ٢٣، ٨٠) تاوان لەمانگێکدا بەتایبەتی لە مانگی تەمموز، هەروەها لە وەرزی پاییز بە ڕێژەی (٢٦,٩%-٢٦,١%) یەك لەدوای یەکدا، بە تێکڕای مانگانە (٢١، ٨١) تاوان لە مانگێکدا بۆ هەردوو ماوەی توێژینەوە بەتایبەتی لە مانگی ئەیلول و تشرینی یەکەم. وەرزی بەهاریش نزمترین ڕێژە تۆمار دەکەن بەتایبەتی مانگی ئازار، لەبەر ئەوەی خێزانەکان لە وەرزی بەهارە زیاتر لەگەشت و سەیرانن و بوونی پشوو لە دامودەزگای حکومی، هۆکارێکە بۆ کەمبوونی جەنجاڵی لە شار و کەمی تاوان لە (بازاڕ و مۆڵەکان، شەقامە گشتییەکان و لاوەکییەکان، و دامودەزگا فەرمییەکان). تێکڕای ساڵانەکانیش لە هەردوو ساڵی توێژینەوە لە ٢٠ تاوان لە مانگێك بۆ ٧٨ تاوان زیادی کردوە.

خشتەی (٦) دابەشبوونی قەبارە و ڕێژەی تاوانی دزیکردن بەگوێرەی وەرزەکانی ساڵ لەشاری هەولێر (٢٠١٣_٢٠٢٣)

| وەرزەکانی ساڵ | 2013 | % | تێکرای مانگانە | 2023 | % | تێکرای مانگانە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| وەرزی زستان | 63 | 26.4 | 21 | 229 | 24.6 | 76 |
| وەرزی بەهار | 43 | 18.1 | 14 | 220 | 23.6 | 73 |
| وەرزی هاوین | 68 | 28.6 | ٢٣ | 239 | 25.7 | ٨٠ |
| وەرزی پایز | 64 | 26.9 | 21 | 243 | 26.1 | 81 |
| کۆی گشتی / تێکرای ساڵانەی تاوانی دزیکردن | 238 | 100 | ٢٠ | 931 | 100 | ٧٨ |

سەرچاوە/ کاری توێژەران بەپشتبەستن بە: سەرچاوەی خشتەی (١).

### ٣- جیاوازیی شوێنیی تاوانی دزیکردن (٢٠١٣-٢٠٢٣):

دوا بەدوای هەژمارکردنی ئاماری تاوانی دزیکردن لە نووسینگەکانی نەهێشتنی تاوان لە شاری هەولێر بۆ هەردوو ساڵی ٢٠١٣ و ٢٠٢٣ دا، دەرکەوتووە لەکۆی ٩٩ گەڕەك لە شاری هەولێر ساڵی ٢٠١٣ تەنیا ٤٤ گەڕەك تاوانی دزیکردنی تیایدا تۆمارکراوە بە ڕێژەی ٤٤,٤% لەکۆی گەڕەکەکانی ناوچەی توێژینەوە، کەچی ئەم ژمارەیە بۆ ١٠٦ گەڕەك بەرز بۆتەوە بەڕێژەی ٦٨ % لە کۆی ژمارەی گەڕەکەکانی شاری هەولێر لەساڵی ٢٠٢٣ کە ١٥٧ گەڕەك بووە. بۆیە خشتەکانی پاشکۆکان تەنیا ئەو گەڕەکانە دەگرێتەوە کە تاوانی تێدایە، لە خوارەوە بە وردی تیشك دەخرێتە سەریان:


#### 1-3 دابەشبوونی قەبارە و ڕێژەی ژمارەی تاوانی دزیکردن بە گوێرەی گەڕەکەکان/

دەتوانرێت گەڕەکەکانی شاری هەولێر لەسەر بنەمای ژمارەی تاوانی دزیکردن تیایاندا دابەش بکرێنە چەند ناوچەیەك، بەپشتبەستن بە داتاکانی پاشکۆی (١ و ٢) و نەخشەی (٣):

<u>1-1-3 گەڕەکە نائارامەکان -غير الآمنة /</u> ئەو گەڕەکانە دەگرێتەوە کە تاوانی دزیکردنی تێدا بەرزە لە نێوان (١١-١٥) تاوانە لەساڵی ٢٠١٣ دا ٨ گەڕەك دەگرێتەوە بەڕێژەی ١٨% لەکۆی ئەو گەڕەکانەی دزییان لێ ئەنجامدراوە، بەڵام لە ٤٢% ی کۆی تاوانی دزیکردن پێکدەهێنن، لە شارەوانی جیا دەردەکەون بەتایبەتی لە شارەوانی چوار وەکو گەڕەکەکانی (هەڤاڵان، خەبات، چوارچرا)ن، زیاتر دەکەوێتە بەشەکانی لێوار و ناوەوەی شار. ئەو گەڕەکانەن کە دانیشتوانەکەی زیاتر خەڵکی پارێزگاکانی عێراقن، بەواتایەکی تر دانیشتوانەکەی لە ڕێگەی کۆچی ناوخۆوە لەم گەڕەکانە نیشتەجێبوون، وەك لە گەڕەکەکانی(هەڤاڵان، بەختیاری، چوارچرا)، لەم گەڕەکانە هەستی ئینتما و پابەندبوونیان بۆ یاسا و شارەکە زۆر لاوازە، لەگەڵ ڕانەهاتن لە سیستەمی کۆمەڵاتی نوێی شار تووشی نامۆیی دەبن و هەستی توندڕەوی لایان زیاتر دەبێت و پاڵنەرێکیشە بۆ ئەنجامدانی تاوان.

کەچی لەساڵی ٢٠٢٣ لەنێوان ( ٢٦-٥١) تاوان دایە و ٧ گەڕەکی شارەوانی ١ و ٤ دەگرێتەوە و بە ڕێژەی ٦,٦%، بەڵام ٢٩,٢% ی تاوانەکان لەخۆدەگرێت، لە بەشەکانی ناوەوەی شار و سەنتەر زیاتر دابەش دەبێت و بەگوێرەی توێژینەوە ئەکادیمییەکان (آل مدرس، ٢٠١٨، ص١٤٢)، پێنج لە ناوچە نالەبارەکانی شار لەخۆدەگرێت(Deteriorated areas- المناطق المتدهورة) وەکو گەڕەکی (خانەقا، ڕزگاری١، خەبات، تەیراوە)، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر

ڕوودانی تاوان لە شوێنی جەنجاڵ کە وەزیفەی بازرگانی تێیدا زۆرە، یاخود ئەو ناوچانەی خانووی ڕووبەری بچووك و لەتەك یەك و شەقامی تەسكی تێدایە یارمەتیدەرن بۆ دەربازبوون لە هەر تاوانێك.




**نەخشەی (٣) دابەشبوونی قەبارەی تاوانی دزیکردن لە گەڕەکەکانی شاری هەولێر (٢٠١٣-٢٠٢٣)**

سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشتبەستن بە: سەرچاوەی نەخشەی(١)و پاشکۆی(١و٢) و پرۆگرامی (ArcGis-Desktop-v.10.8

<u>3-١-٢ گەڕەکە نیمچە ئارامەکان – شبه الآمنة/</u> ئەو گەڕەکانە دەگرێتەوە کە تاوانی دزیکردنی تێیدا مامناوەندە لە نێوان (٦-١٠) تاوانە لەساڵی ٢٠١٣ دا ٧ گەڕەك دەگرێتەوە بەڕێژەی ١٦% لەکۆی ئەو گەڕەکانەی دزییان لێ ئەنجامدراوە، وەك گەڕەکی سفین٢ و نەورۆز، زۆربەی گەڕەکەکانی شارەوانی سێ و پێنج دەگرێتەوە، لە بەشەکانی ناوەوەی شار و لێوارەکەی زیاتر بەدیاردەکەوێت، لە ٢٢,٣% ی تاوانەکانی ساڵی ٢٠١٣ لەم گرووپە دایە. ئەو گەڕەکانەن کە ناوچەی پیشەسازی لەخۆدەگرن وەکو گەڕەکی سفین ٢ و ئازادی ٢، یاخود زانکۆ و قوتابخانەکان وەکو گەڕەکی نەورۆز، یان لە ئاستێکی بژێوی بەرزدایە وەکو گەڕەکی سەربەستی.

کەچی لەساڵی ٢٠٢٣ لەنێوان (١١- ٢٥) تاوان دایە ٢٣ گەڕەك دەگرێتەوە، وەکو سەیداوە و برایەتی و هەولێری نوێ، بە ڕێژەی ٢١,٧% لەکۆی گەڕەکەکان، کەچی لە ٤٠,١% ی تاوانەکانی دزیکردن لەم گرووپە دایە، لە هەموو شارەوانییەکان بەربڵاون، بەڵام نیوەیان لە لێوار و دەوروبەری شار دابەش دەبن و نیوەی تریان لە ناوەوەی شار و سەنتەرەکەی. زیاتر ئەو گەڕەکانەن کە دانیشتوانیان لەئاستێکی بژێوی بەرزدان، وەك گەڕەکەکانی (زانیاری، منارە، ڕاستی، نازناز، سەربەستی، هەولێری نوێ).


Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 3
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)
مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٣

3-١-٣/ گەڕەكە ئارامە ڕێژەییەكان – الامان النسبي/ ئەو گەڕەكانە دەگرێتەوە كە تاوانی دزیكردنیان تێدا نزمە لە نێوان (١-٥) تاوانە لە ساڵی ٢٠١٣ دا ٢٩ گەڕەك لەخۆدەگرێت بە ڕێژەی ٦٦%، بەڵام لە ٣٥,٧% ی تاوانەكان دەگرێتەوە، وەك گەڕەكەكانی (منارە، برایەتی، خانزاد، پاركی سامی، زیلان)، لە شارەوانییەكانی (١،٦،٤) بەربڵاون، سەبارەت بە بەشەكانی شاریش زیاتر لە ناوەوەی شار و لێوارەكەی بوونیان هەیە. ئەو گەڕەكانەن كە دانیشتوانەكەی لە ئاستێكی بەرزی بژێویدان یاخود ناوچەی خۆشگوزەرانی و جەنجاڵن وەكو پاركی سامی. كەچی لەساڵی ٢٠٢٣ لەنێوان ( ١- ١٠) تاوان دایە ٧٦ گەڕەک دەگرێتەوە وەك گەڕەكی كوێستان و ڕاپەڕین، بە ڕێژەی ٧١,٧% لەكۆی گەڕەكەكان و٣٠,٧% لەكۆی تاوانەكان. كە زۆربەی زۆری لە لێواری شار و دەوروبەری بەدیار دەكەوێت لە زۆنی پرۆژەكانی نیشتەجێبوونی پلانبۆدانراو. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی هەتا پرۆژەكانیش بەدەر نین لە ڕوودانی ئەم تاوانە هەرچەندە كەمیشە.


**3-٢ تەرزی دابەشبوونی جوگرافی شوێنی تاوانی دزیكردن /**

بۆ زانینی تەرزی دابەشبوونی تاوانی دزیكردن كە لەسەر ئاستی گەڕەك ڕوون ببێتەوە پەنامان بۆ تولەكانی پرۆگرامی ArcGis-Desktop-v.10.8 بە بەكارهێنانی ئامرازی (هاوكۆڵكەی پەیوەستبوونی خودی مۆران _ Spatial Autocorrelation Morans-i) ئەم تولە بەم هەنگاوانە ئەنجامدەدرێت :

- ArcToolbox → Spatial Statistics Tools → Analyzing Patterns → Spatial Autocorrelation (Moran's I)

ئەم تولە هەوڵدەدات تەرزی بڵاوبوونەوەی دیاردەیەك لە شوێنێكی دیاریكراو لەڕێگەی لێكۆڵینەوە لەسەر ڕادەی لێكچوون لە دابەشبوونی دیاردەكە لەڕووی شوێنیەوە بدۆزێتەوە، ئایا چەند پەیوەستبوونی خودی لەنێوان دیاردەكان لەكاتی دابەشبونیاندا هەیە، هاوكۆڵكەی مۆران بەهاكانی لەنێوان ( ١+ و-١) دایە، هەرچەندە بەهاكە نزیك بێت لە ١+ نیشانەی تەرزی كۆبوونەوە نزیكییە، بەڵام نزیكی لە سفر مانای تەرزی هەڕەمەكی دێت لەدابەشبوونی جوگرافیدا، كەچی نزیكبوون لە بەهای ١- تەرزی پەرشوبڵاوی و دووری نێوان دیاردەكان نیشان دەدات، بۆ زیاتر ڕوانین و وردەكاری: (القصاب، ٢٠٢٠، ص١٠٨).

لە شێوەی(٣) بەدیاركەوتووە كە تەرزی دابەشبوونی تاوانی دزیكردن لە ساڵی ٢٠١٣ تەرزێكی هەڕەمەكییە Random ، چونكە بەهای Moran's- Index یەكسانە بە ٠,٠٥- نزیكترە لە بەهای سفر و بەگوێرەی بەهای پێوەری Z-score یەكسانە بە ٠,٣٥- دەكەوێتە ناوەوەی پشتێنەی ناچاری Critical Value كە لەنێوان (-٢,٥٨ ، + ٢,٥٨) دایە، بۆیە گریمانەی بنەڕەتی (فرضية العدم) پەسەند دەكرێت كە دەڵێت (تەرزی دابەشبوونی جوگرافی تاوانی دزیكردن تەرزێكی هەڕەمەكییە و بەرێكەوت بووە و ئەستەمە هۆكاری لەپشتەوە بێت)، گریمانەی جێگرەوەش ڕەتدەكرێتەوە ( الفرضية البديلة) بە پشتبەستن بە بەهای P-value كە دەگاتە ٠,٧٢ .




شێوەی (٣)  تەرزی دابەشبوونی  جوگرافی شوێنی تاوانی دزیکردن لە شاری هەولێر (٢٠١٣_٢٠٢٣)
سەرچاوە / کاری توێژەران بەپشتبەستن بە: پاشکۆی(١و٢)  و پرۆگرامی(ArcGis-Desktop-v.10.8
-Spatial Autocorrelation (Moran’s I)


کەچی ئەم ڕاستییە لە ساڵی ٢٠٢٣ دا پێچەوانەیە، تەرزی دابەشبوونی دیاردەی لێکۆڵینەوە تەرزێکی کۆبوونەوەیە و مەیلە و نزیکی یەکترە Clustered، چونکە بەهای Moran’s- Index یەکسانە بە -+٠,٥ نزیکترە لە بەهای ١+ و بەگوێرەی بەهای پێوەری Z-score یەکسانە بە ٥,٩٢ دەکەوێتە دەرەوەی پشتێنەی ناچاری Critical Value، بۆیە گریمانەی جێگرەوە (الفرضية البديلة) پەسەند دەکرێت کە دەڵێت (تەرزی دابەشبوونی جوگرافی تاوانی دزیکردن تەرزێکی کۆبوونەوەیە و نزیکن لەیەکتر و بەرێکەوت نەبووە، بەڵکو کۆمەڵێك هۆکاری سروشتی و مرۆیی لەپشتەوە بووە)، گریمانەی بنەڕەتیش ڕەتدەکرێتەوە بە پشتبەستن بە بەهای P- value کە دەگاتە ٠,٠٠.

## ٣-3 ئاڕاستەی دابەشبوونی جوگرافی شوێنی تاوانی دزیکردن /

لەڕێگەی بەکارهێنانی ئامرازی (دابەشبوونی ئاڕاستەیی – Directional Distribution) لە پرۆگرامی ArcGis-Desktop-v.10.8 توانرا ئاڕاستەی تاوانەکانی دزیکردن لە ناوچەی توێژینەوە پێوانە بکرێت، ئەمەش لەمیانەی وێنەکێشانی شێوەیەکی هێلکەیی بە دەوری ناوەندی شوێنیەکاندا، ئەم ئامرازە بەم هەنگاوانە جێبەجێدەکرێت:

- ArcToolbox → Spatial Statistics Tools → Measuring Geographic Distributions → Directional Distribution (Standard Deviational Ellipse)

لە نەخشەی (٤) بەدیار کەوتووە ئاڕاستەی دابەشبوونی تاوانی دزیکردن بە بازنەیەکی شێوەی هێلکەیی بە پلەی سوڕانەوەی ٥٨,٥٢٦٧٦٢ پلە لە باکووری ڕۆژهەڵاتەوە بەرەو باشووری ڕۆژئاوا، بەڵام زیاتر مەیلی بۆ ئاڕاستەکانی ڕۆژهەڵاتە، بەمشێوەیەش بەسەر ڕووبەری ٣٩,٢٤ کم٢ لەنێو شارەکەدا دابەشبووە، ئەم ئاڕاستەیە ڕەنگدانەوەی هەڵکشانی ئاواکاری شارەکەیە بەرەو ئاڕاستەکانی باکووری ڕۆژهەڵات و ڕۆژهەڵاتدا، بەمەش ئەو ڕاستییە دووپاتدەکاتەوە کە لە کوێ ئاواکاری هەبێت ئەگەری تاوان زیاترە.  هەرچی لەساڵی ٢٠٢٣ دا ئاڕاستەی دابەشبوونی تاوانی دزیکردن بە بازنەیەکی شێوەی هێلکەیی بە پلەی سوڕانەوەی ٤٠,٢٨٣٣٥٢ پلە دووبارە لە باکووری ڕۆژهەڵاتەوە بەرەو باشووری ڕۆژئاوایە، بەڵام زیاتر مەیلی بۆ ئاڕاستەکانی باکوورە، بەمشێوەیەش بەسەر ڕووبەری ٦٠,٢٢ کم٢ دابەشبووە لەنێو شارەکەدا کە ڕووبەرێکی فراوانترە بە بەراورد بەساڵی ڕابردوو و نیشانەی پەرتوبڵاوی تاوان و ئەو گەڕەکانەیە کە تیایەتی. ئەم ئاڕاستەیە ڕەنگدانەوەی هەڵکشانی ئاواکاری شارەکەیە نەك بەرەو ئاڕاستەکانی باکووری ڕۆژهەڵات و ڕۆژهەڵاتدا، بەڵکو بەرەو ئاڕاستەکانی باکوورەوەش پاش لێسەندنەوەی پرۆژەکانی نیشتەجێبوونی پلانبۆدانراو لە ناحیەی بەحرکەی پێشوو بۆ سەر سنوری شارەوانی هەولێر، بەمەش تاوانەکانی ئەم پرۆژانەش لەسەر ناوچەی توێژینەوە هەژمار دەکرێت.




نەخشەی (٤)  ئاڕاستەی دابەشبوونی جوگرافی شوێنی تاوانی دزیکردن لەشاری هەولێر (٢٠١٣_٢٠٢٣)
سەرچاوە / کاری توێژەران بەپشتبەستن بە: سەرچاوەی نەخشەی(١)و پاشکۆی(١و٢)
و پرۆگرامی(ArcGis-Desktop-v.10. ٨  Directional Distribution)

## 4-3 چڕی دابەشبوونی جوگرافی شوێنی تاوانی دزیکردن /

بە بەکارهێنانی ئامرازی چڕی کێرناڵ- Kernal density  لە هەمان پرۆگرامدا، توانرا پێوانەی چڕی تاوانی دزیکردن بەگوێرەی گەڕەکەکان دەستنیشان بکرێت، کە بەپێی ئەم هەنگاوانە جێبەجێدەکرێت:


- ArcToolbox → Spatial Analyst Tools → Density → Kernel Density

لەم ئامرازەدا ڕەنگە تۆخەکان نیشانەی چڕبوونی دیاردەکەیە بەهۆی نزیکی خاڵەکانی لەیەکتردا، کاڵەکانیش بەپێچەوانەیە لە ئەنجامی دووری ماوەی نێوان خاڵەکانە لەگەڵ یەکتردا، بۆ ڕوانینی زیاتر (Grekousis, 2020, pp. 63–82)، (ESRI-2021)، بە ڕوانین لە نەخشەی (٥) دەتوانرێت ناوچەی توێژینەوە پۆلین بکرێت بۆ ٣ زۆنی سەرەکی:

3-4-1زۆنی چڕی بەرز و زۆر بەرز (٧-١١تاوان/ کم٢ ٢٠١٣) (٤٠-٧٠ تاوان/کم٢ ٢٠٢٣): لەم زۆنەدا لەساڵی ٢٠١٣ چەند لە سەنتەری شار بەرەو بەشەکانی ناوەوەی شار و لێواری شەقامی (٣٠م -١٢٠م) بڕۆین چڕی تاوانی دزیکردن زیاتر دەبێت، زیاتریش لە شارەوانی ٤ و٣ بە پلەی یەکەم و شارەوانی ٥ و ٦ بەپلەی دووەم بەدیار دەکەوێت، وەك گەڕەکەکانی (سێتاقان، خەبات، بەختیاری، ئازادی ١و٢، ڕزگاری١) لە بەشی ناوەوەی شار و گەڕەکەکانی (کوێستان، ڕاپەڕین، سفین٢، هەڤاڵان، گوڵان ١و٢، چوارچرا، ڕاستی، شادی) لە لێواری ناوچەی لێکۆڵینەوەن. کەواتە چڕی تاوانی دزیکردن لەو گەڕەکانەی کە کۆڵانەکانیان لەنێوان (٨-١٠م) دەبێت و خانوەکانیان لەتەك یەکترن و ڕووبەری بچووك و جەنجاڵە بەدانیشتوان و بازاڕ و شەقامی سەرەکی و لاوەکی زیاتر دەبێت، بە واتایەکی تر چڕی ئاواکاریان تێدا بەرزە، ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ تاوان و دەربازبوون، لەلایەکی تر بەرزی تاوان لەو گەڕەکانەی لە لێوار شارن و ئاواکاری تێدا چڕ نییە و پەرت و بڵاوە و لە پڕبوون و ئاوەدانی دایە وەك گەڕەکەکانی ڕاستی و شادی، دەگەڕێتەوە بۆ کەمبوونی ڕۆناکی لەنێو ژینگەی نیشتەجێبوون و کەمی بنکەی پۆلیس و چاودێری ئەمنی لە لێوار بە بەراورد بە سەنتەری شار یان بوونی خانووی تەواونەکراو، ئەمانە هۆکارن بۆ خۆحەشاردانەوە و دەربازبوون.

لەساڵی ٢٠٢٣ دا ڕاستییەکان پێچەوانەن هەرچەندە لە دەوروبەری شار و لێواری شار بەرەو سەنتەری شار بەڕێبکەوین تاوانی دزیکردن زیاتر دەکات، بەتایبەتی لە گەڕەکەکانی شارەوانی ١ بە پلەی یەکەم شارەوانی ٤ و ٦ بە پلەی دووەم، لە سەنتەری شار وەك گەڕەکی خانەقا و لە ناوەوەی شاریش وەك گەڕەکەکانی (تەیراوە، سەیداوە، خەبات، هەڤاڵان، ڕزگاری١، شۆڕش)، زۆربەی ئەو گەڕەکانەن کە بەگوێرەی توێژینەوە زانستیەکان بە ناوچەی نالەبار لە قەڵەم دراون (آل مدرس، ٢٠١٨، ص١٤٢)، یاخود ناوچەی بازرگانین و بازاڕی جۆراوجۆری تێدایە، لەڕووی تەونی ئاواکاریش شەقامەکان تەسك و خانووی بچووك لەباریەکی تێدایە، ئەم جۆرە ژینگانەی شارەکانی جیهان دزیکردن تێیاندا زۆر دەبێت، بەڵکو تاوانباریش دروستدەکات دوابەدوای هەڵسەنگاندنی توێژینەوەکانی پێشوو لەم بابەتە.

3-4-2 زۆنی چڕی مامناوەند – (٥-٦تاوان/کم٢ ٢٠١٣) (٢٠-٣٠تاوان /کم٢ ٢٠٢٣): لەهەردوو ساڵی توێژینەوەدا وەك ئەڵقەیەکی بازنەیی بە دەوری ناوچە بەرز و زۆر بەرزەکاندا خولاونەتەوە، لەساڵی ٢٠١٣ لە گەڕەکەکانی (پارکی سامی عەبدولڕحمان، سەربەستی، ڕاپەڕین، خانزاد، برایەتی، زانیاری، و ڕزگاری ٢) بەدیارکەوتوە، کەچی لە ساڵی ٢٠٢٣ دا زیاتر لە بەشەکانی ناوەوەی شار بە دیارکەوتوە وەکو گەڕەکەکانی منارە و زانیاری و کوردستان و نەورۆز، لە دەوروبەری شاریش لە گەڕەکەکانی (باباگوڕگوڕ، زیلان، هەولێری نوێ، گوندی لوبنانی) خۆی نیشاندەدات.




نەخشەی (٥) چڕی دابەشبوونی جوگرافی شوێنی تاوانی دزیکردن لە شاری هەولێر (٢٠١٣_٢٠٢٣)
سەرچاوە/ کاری توێژەران بەپشتبەستن بە: سەرچاوەی نەخشەی(١) و پاشکۆی(١و٢) وپرۆگرامی
- (ArcGis-Desktop-v.10.8 Kernel Density

<u>3-4-3 زۆنی چڕی نزم و زۆر نزم – (١-٤تاوان/کم٢ ٢٠١٣) (١-١٠تاوان /کم٢ ٢٠٢٣):</u>
لە هەردوو ساڵی توێژینەوەدا لێواری شار و دەوروبەری شار زیاتر ئەم چڕییان تێدا ڕوون دەبێتەوە، وەك گەڕەکەکانی هەولێری نوێ و زیلان و گەلاوێژ و سەربەستی و ژیان لە ساڵی ٢٠١٣ و پرۆژەکانی نیشتەجێبوونی پلانبۆدانراو بە تایبەتی (هەرشەم ١و٢و٣ و مامۆستایان و گوندی لوبنانی) لە شارەوانی ٢، هاوشانی ئەو گوندانەی کە بە کرداری دیلبوونی شارنشینی بوونەتە بەشێك لە شار وەکو گەڕەکەکانی (تورەق و مامزاوە) لە شارەوانی ٦. سەنتەری شار و دەوروبەری خاڵی چڕبوونەوەی ئەم زۆنەی تێدایە وەك گەڕەکەکانی منارە و تەیراوە و سەیداوە لە ساڵی ٢٠١٣ دا کەچی لەساڵی ٢٠٢٣ تاوانیان تێدا زۆرتر دەبێت و زۆنیان دەگۆڕێت. ئەمەش دەبێت لایەنی پەیوەندیدار بەهەندی وەربگرێت.

**5-3 شیکاری کۆبوونەوەی شوێنی تاوانی دزیکردن - Spatial Autocorrelation Analysis: (تحليل التجمعات المكانية):**
شیکاری کۆبوونەوەی شوێنی تاوان هەڵدەستێت بە شیکردنەوەی هەڵسوکەوتی شوێنی تاوان، چوارچێوەیەکی گشتییە چەندین ئامرازی شیکاری تری لێ دەبێتەوە وەك Hot Spot Analysis (Gi*) وCluster & Outlier Analysis ، ئەمانە سیفەتی کۆبوونەوە و توندڕەوی شوێنی تاوان دەستنیشان دەکەن کە چەندین هۆکاری جوگرافی لەپشت ئەم کۆبوونەوەیە، دوای دڵنیابوون لەو ڕاستییەی کە دووپاتی نەبوونی تەرزی دابەشبوونی هەڕەمەکی دەکات (Grekousis, 2020, pp. 99–128)، لەمانەی خوارەوە بە وردی پڕاکتیزە کراوە:

1-5-3 **شیکردنەوەی خاڵە گەرمەکانی شوێنی تاوانی دزیکردن - Hot Spot Analysis / (Gi*)**

ئەم ئامرازە ئەو گەڕەکانە دەستنیشان دەکات کە خاڵی کۆبوونەوەی تاوانی دزیکردنن و لەڕووی شوێنی جوگرافییەوە لێك نزیکن پێیان دەگوترێت خاڵی گەرم کە بەهایان(Gi*) بەرزە، بەڵام نزمی ئەم بەهایە نیشانەی کۆبوونەوە و نزیکی ئەو گەڕەکانەیە کە تاوانیان تێدا نزم دەبێتەوە و بە خاڵی سارد هەژمار دەکرێن، هەرچی بەهای سفر نیشانەی ئەو گەڕەکانەیە کە ڕەنگە ژمارەی تاوانیان مامناوەند بێت یان نزم بێت یان بەرز، بەڵام لێك نزیك نین، بە واتایەکی تر سیفەتی کۆبوونەوەو نزیکی نییە لە نێوان گەڕەکە مەترسیدارەکان و گەڕەکە ئارامەکان، ئەم بیرۆکەیەش سنکری بە ڕوونی ئاماژەی پێداوە (سنکری، ٢٠٠٨،ص٢٠٤-٢٠٥). ئەم ئامرازەش بەم هەنگاوانە تێدەپەڕێت:

- ArcToolbox → Spatial Statistics Tools → Mapping Clusters → Hot Spot Analysis (Getis-Ord Gi*)


لەسەر ئەم بنەمایەش بە ڕوانین لەنەخشەی (٦)، شاری هەولێر بۆ سێ ناوچەی سەرەکی دابەش دەکرێت:

<u>یەکەم/ هەرێمی خاڵە گەرمەکانی شوێنی تاوانی دزیکردن:</u> بریتییە لەو گەڕەکانەی کە تاوانی دزیکردنیان تێدا بەرزە و لە هەمانکاتدا لەتەك یەکترن وەك هەرێمێکی جوگرافی مەترسیدار بەدیار دەکەون بەهای(Gi*) (١-٢-٣) دایە و بە متمانەی ئاماری (٩٠%-٩٥%- ٩٩%) بەدوای یەکدا، بەواتایەکی تر ڕێژەی بوونی هەڵەی ئاماری لە دەرئەنجامەکانی خاڵە گەرمەکان نزیکەی (١٠%-٥%-١%) بووە. ئەم خاڵانەش لە ساڵی ٢٠١٣دا خۆی لە پێنج گەڕەك دەبینێتەوە ئەوانیش (برایەتی، خانزاد، ڕاپەڕین، هەڤاڵان، گوڵان٢) بە ڕێژەی ١١,٤% لەکۆی ئەو گەڕەکانەی دزیان تێدا تۆمارکراوە، زۆربەیان لە بەشی ناوەوەی شارەکە لە شارەوانی سێ کۆبوونەتەوە. کەچی ئەم کەتوارە لەساڵی ٢٠٢٣ جیاوازە و خاڵەگەرمەکان وەك هەرێمێکی فراوان لە سەنتەری شار و ناوەوەی شار دیاردەکەون، کە ٤٧ گەڕەك لەخۆدەگرن و بەڕێژەی ٤٤,٣%، ئەو هەرێمە جەنجاڵە بە دانیشتوان، هاتوچۆ، ئاواکاریی، زەوییەکانی وەزیفەی جۆراوجۆر تێدا جێبەجێ دەکرێت بەتایبەتی بازرگانی، نیشتەجێبوون، خۆشگوزەرانی..... هتد.

<u>دووەم/ هەرێمی خاڵە ساردەکانی شوێنی تاوانی دزیکردن:</u> بریتییە لەو گەڕەکانەی کە تاوانی دزیکردنیان تێدا نزمە و لە هەمانکاتدا لەتەك یەکترن وەك هەرێمێکی جوگرافی نیمچە ئارام بەدیار دەکەون بەهای(Gi*) (3-_2-_1-) دایە و بە متمانەی ئاماری (٩٠%-٩٥%- ٩٩%) بەدوای یەکدا، خاڵە ساردەکان لەساڵی ٢٠١٣دا بوونی نییە، چونکە گەڕەکە تاوانە نزمەکان لەتەك یەکتر نین، بە پێچەوانەی ٢٠٢٣ خاڵە ساردەکان لە دەوروبەری شاردا بەدیار دەکەون کە ١٣ گەڕەکن و پرۆژەکانی نیشتەجێبوونی پلانبۆدانراو دەگرێتەوە لە شارەوانییەکانی ٢ و٣و٤ بە ڕێژەی ١٢,٣%. وا دیارە بوونی شوورە و سیکیوریتی و کامێرا ڕۆڵیان لەکەمکردنەوەی تاوان بینیوە.

<u>سێیەم/ هەرێمی خاڵە تێکەڵاوەکانی شوێنی تاوانی دزیکردن:</u> بریتییە لەو هەرێمەی کە بەهای (Gi*) سفر بووە (Not significant) هەرێمێکی شارنشینی فراوانە ئەو گەڕەکانە لەخۆدەگرێت کە تاوانی دزیکردنیان تێدا بەرز و مامناوەند و نزم بووە، لەهەمانکاتدا لەتەك یەکترن واتا تێکەڵاوی گەڕەکەکانی خاڵی گەرم و ساردەکانن، بەڵام مەرجی نزیکی شوێنی جوگرافیان تێدا نەبووە. ئەم هەرێمەش ٣٩ گەڕەك بە ڕێژەی ٨٨,٦% دەگرێتەوە لەساڵی ٢٠١٣ دا لە هەموو شارەوانی و بەشەکانی شاردا بەربڵاوە. ئەم کەتوارە لەساڵی ٢٠٢٣ دا جیاوازە، بەجۆرێك وەك هەرێمێکی بازنەیی دەوری شاری هەولێری داوە کە هەرێمی خاڵە گەرمەکان لە ساردەکان

جیادەکاتەوە، زۆربەی زۆری ئەو گەڕەکانەیە کە لە بەشەکانی لێوار و دەوروبەری شاردا بوونیان هەیە، نەخشەی (٦) .




نەخشەی (٦) دابەشبوونی جوگرافی خاڵە گەرم- Hot Spot و ساردەکانی- Cold Spot شوێنی تاوانی دزیکردن لە شاری هەولێر (٢٠١٣_٢٠٢٣)

سەرچاوە / کاری توێژەران بەپشتبەستن بە: سەرچاوەی نەخشەی(١) و پاشکۆی(١و٢) و پرۆگرامی-ArcGis Desktop v.10.8 -Hot Spot Analysis (Gi*)

## 2-5-3 شیکاری کۆبوونەوە و توندڕەوی شوێنی بۆ شوێنی تاوانی دزیکردن - Cluster & Outlier Analysis (Local Moran's I)

ئەم ئامرازە تەنها سیفەتی کۆبوونەوەی شوێنی تاوانی دزیکردن لە خاڵی گەرم و ساردەکاندا نیشان نادات، بەڵکو سیفەتی توندڕەویش نیشان دەدات، لە ژینگەی پرۆگرامەکەدا بەم هەنگاوانە ئەنجامدەدرێت و دەبێتە دوو بەشی سەرەکی:

- ArcToolbox → Spatial Statistics Tools → Mapping Clusters → Cluster and Outlier Analysis (Anselin Local Moran's I).

<u>2-5-3 -1 هەرێمی کۆبوونەوەی شوێنی-spatial clusters /</u> ئەو گەڕەکانە دەگرێتەوە کە سیفەتی کۆبوونەوە لە دابەشبوونی شوێنی تاوانی دزیکردنی بەرز و نزمی تێدایە، دەبێتە دووبەش نەخشەی(٧) :

أ / گەڕەکە مەترسیدارەکان - High-High Cluster (HH)/ ئەو گەڕەکانەیە کە ژمارەی تاوانی دزیکردنیان بەرزە و بە گەڕەکی هەمان شێوە دەورە دراون، ئەم حاڵەتە لە ساڵی ٢٠١٣ هیچ تۆمارێکی نەبووە، کەچی لەساڵی ٢٠٢٣ دا ١٩ گەڕەك تۆمارکراون بە ڕێژەی ١٨% لەکۆی ئەو گەڕەکانەی کە تاوانی دزیکردنیان تێدا تۆمار کراوە، گەڕەکەکانی سەنتەری شار و ناوەوەی شار لە شارەوانییەکانی ٢ و٣ و٤ دەگرێتەوە.


ب/ گەڕەکە نیمچە ئارامەکان-(LL) Low-Low Cluster / ئەو گەڕەکانەن کە ژمارەی تاوانی دزیکردنیان نزمە و بە گەڕەکی هەمان شێوە دەورەدراون، ئەم حاڵەتە لە ساڵی ٢٠١٣ هیچ

تۆمارێکی نەبووە، کەچی لە ساڵی ٢٠٢٣ دا ١٢ گەڕەك بە ڕێژەی ١١,٣% تۆمار کراون کە گەڕەکەکانی دەوروبەری شار لە شارەوانییەکانی ٢ و٣ و٤ دەگرێتەوە.

2-5-3 -2 کرۆکە توندڕەوەکانی شوێنی- spatial outliers/ ئەو گەڕەکانە دەگرێتەوە کە سیفەتی توندڕەوی لە دابەشبوونی شوێنی تاوانی دزیکردنی بەرز و نزمی تێدایە، دەبێتە دوو بەش نەخشەی(٧).

أ/ کرۆکە مەترسیدارەکان - High-Low Outlier (HL): هەروەها پێی دەگوترێت (گەڕەکی توندڕەوی موجەب)، گەڕەکێکە تاوانی دزیکردنیان تێدا بەرزە بە گەڕەکە تاوانە نزمەکان یان مامناوەندەکان دەور دراون، وەك کرۆکێکی مەترسیدار هەڵکەوتووە و مەترسی دەخاتە سەر گەڕەکی دەوروبەری، لەساڵی ٢٠١٣ هەردوو گەڕەکی بەختیاری و ڕاستی ئەو گروپە بە ڕێژی ٤,٦% نیشان دەدەن، بەڵام لە ساڵی دواتر گەڕەکی گوندی لوبنانی و هەرشەم (١-٢-٣) بە ڕێژەی ١,٩% ئەو گروپە نیشان دەدەن، ئەوانەش لە بەشەکانی دەوروبەری شار و پڕۆژەکانی نیشتەجێبوونی پلان بۆدانراو بەدیاردەکەون.

ب/ کرۆکە نیمچە ئارامەکان - Low-High Outlier (LH): هەروەها پێی دەگوترێت (گەڕەکی توندڕەوی سالب)، گەڕەکێکە تاوانی دزیکردنیان تێدا نزمە بە گەڕەکە تاوانە بەرز و مامناوەندەکان دەورە دراوە، وەك کرۆکێکی نیمچە ئارام هەڵکەوتووە و مەترسی لەسەرە ئەویش وەکو دەوروبەری تووشی تاوانی دزیکردنی زۆر بێت. لەساڵی ٢٠١٣ دا گەڕەکەکانی برایەتی و زانایان و سەرەوەران بە ڕێژەی ٦,٨% لەم گروپە بەدیار دەکەون. بەڵام لەساڵی ٢٠٢٣دا ١٨ گەڕەك تۆمارکراون بە ڕێژەی ١٧%، هەر لە سەنتەری شارەوە بەرەو لێواری شار لە هەموو شارەوانییەکان بەدیار دەکەوێت.




نەخشەی (7) شیکاری کۆبوونەوە و توندڕەوی شوێنی Cluster & Outlier بۆ شوێنی تاوانی دزیکردن - لە شاری هەولێر (٢٠١٣_٢٠٢٣)

سەرچاوە / کاری توێژەران بەپشتبەستن بە: سەرچاوەی نەخشەی(١) و پاشکۆی(١و٢) و پرۆگرامی-ArcGis) -Desktop v.10.8- Cluster & Outlier Analysis (Local Moran's I).

2-5-3 -3 هەرێمە ئاساییەکان یاخود هەڕەمەکییەکان ( No significant spatial pattern/ بریتییە لەو گەڕەکانەی کە پەیوەندی شوێنی ژمارەی تاوانی دزیکردن لەگەڵ گەڕەکی نزیك لەخۆی بەهێز نییە تا مانایەکی ئاماری هەبێت و تەرزێك دروستبکات، یاخود ژمارەی تاوانیان مامناوەندە بە جۆرێك توندڕەوی تێدا نییە تا تەرزێك لەگەڵ گەڕەکی دەوروبەری دروستبکات، بۆیە بەهای P-value یان زیاتر بووە لە ٠,٠٥، کەواتە لەڕووی ئامارییەوە گرنگی نییە و نە سیفەتی کۆبوونەوە و نە توندڕەوی شوێنی نیشان دەدات بۆ زیاتر ڕوانین: ( Anselin, 1995. pp. 93–115). لە هەردوو ساڵی توێژینەوەدا ٣٩ و ٥٥ گەڕەك لەم گروپە بەدیارکەوتوون بەڕێژەی ٨٨,٦% و ٥١,٨% بەدوای یەکدا. بە تێبینیکردن لە دەرئەنجامە تەکنیکییەکانی سیستەمی زانیارییە جوگرافییەکان بۆمان دەردەکەوێت کە خاڵی لێکچوون لە دەرئەنجامەکان زۆرن، بەڵام هەریەکە لەمانە بە شێوازێك و یاسایەکی ئاماری مامەڵە لەگەڵ داتاکان دەکات، ئەمەش زانیاری جیاواز و فراوان و جۆراوجۆر دەخاتە بەردەم لایەنی پەیوەندیدار.

**دەرئەنجامەکان:**

١- لەئەنجامی فراوانبوونی ئاوکاریی شاری هەولێر بە ٥٠,٣٤ کم لەماوەی ١٠ ساڵدا (٢٠١٣-٢٠٢٣)، پاڵنەرێک بووە بۆ زیادبوونی هەموو جۆرە تاوانێک، بەتایبەتی دزیکردن، بە هۆی زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان و جەمسەرگیری بۆ دانیشتوانی لادێ و بیانی و پەنابەران و ئاوارەکان. هاوشانی ئەمانە هۆکاری تر ژینگەیەکی ئارامیان بۆ تاوان دروستکردووە.

٢- تاوانی دزیکردن ٦% و ١٠%ی کۆی گشتی تاوانەکانی شاری هەولێر پێکدەهێنێت، کەواتە لە ماوەی توێژینەوەدا بەراورد بە جۆرەکانی تری تاوان ڕێژەیەکی بەرز نییە.

٣- تاوانی دزیکردن لە شاری هەولێر لە ماوەی ١٠ ساڵدا بە جیاوازی ٦٩٣ تاوان زیادی کردووە، بەهەمان شێوە جۆرەکانی تری تاوان بە جیاوازی ٥٢٤٥ تاوان بووە، ئەمەش بەبێ هۆکار نەبووە کە نەتوانراوە لە توێژینەوەیەکی بچووک باس بکرێت. خۆشبەختانە بکەرەکانی تاوانی دزیکردن زیاتر لە 88% ی دەستگیر کراون.

٤- تاوانی دزیکردن زیاتر لە ماڵەکان، مۆڵ و بازاڕەکان، و سەر شەقامەکان بووە، زیاتر کەلوپەلی قەبارە بچووک بووە وەک (پارە و زێڕ و جانتا و دەمانچە و مۆبایل).

٥- نەکاتی ڕۆژ و نە کاتی شەو ڕێگر نەبووە لە ئەنجامدانی تاوانی دزیکردن، لەڕووی کاتژمێرەکانەوە لەماوەی توێژینەوەدا زیاتر لەنێوان (١-٦)am بووە، لە ڕۆژەکانی کۆتایی هەفتە بەتایبەتی (ڕۆژی پێنجشەمان)، زیاتریش لەوەرزی هاوین بووە بەتایبەتی مانگی تەمموز.

٦- قەبارەی تاوانی دزیکردن بەگوێرەی شارەوانییەکان و بەشەکانی شاردا جیاوازن، لەساڵی ٢٠١٣دا ٨ گەڕەک تاوانی بەرز تۆمار دەکەن زیاتر لەشارەوانی 4 و ناوەوە و لێواری شارن، بەتایبەت لەو گەڕەکانەی کە بەر لێشاوی کۆچی ناوەخۆ کەوتوون، کەچی لەساڵی٢٠٢٣ دا ٧ گەڕەکن لە شارەوانی ١و ٤ زیاتر لە بەشەکانی ناوەوەی شار و سەنتەر بووە، ناوچە نالەبارەکانیش بەشێکی زۆری ئەم ناوچانە پێکدەهێنیت، ئەمەش سیفەتێکی جیهانی ئەم ناوچانەیە، بە پێچەوانەوە ناوچەی لێوار و دەوروبەری شار قەبارەی نزمیان تۆمار کردووە.

٧- تەرزی دابەشبوونی تاوانەکان لەساڵی ٢٠١٣ تەرزێکی هەڕەمەکی و بەرێکەوت بووە، کەچی لەساڵی ٢٠٢٣دا بە تەرزێکی کۆبوونەوە و لێك نزیکن، چەند کۆمەڵە هۆکاری جوگرافیی لەپشت بووە، کەواتە گریمانەی سێیەمی توێژینەوە بە گوێرەی ساڵەکان قبوڵکردنی جیاوازە.

٨- ئاراستەی تاوانی دزیکردن بە بەکارهێنانی ئامرازی دابەشبوونی ئاراستە، لە ماوەی توێژینەوەدا لە ئاراستەکانی باکووری ڕۆژهەڵات بۆ باشووری ڕۆژئاوا بووە، بەمەش تەنیا بە ڕووی ئاراستەی ڕۆژهەڵات نەبووە، وەک لەگریمانەی چواردا باسکراوە.

٩- چڕیی تاوانی دزیکردن لەساڵی ٢٠٢٣ لە کیلۆمەترێکی دووجادا لە سەنتەری شار زیاد دەبێت و لە لێوار و دەوروبەری شاردا کەمتر دەبێت، بەڵام لە ساڵی ٢٠١٣دا بە پێچەوانە بووە، لە ناوەوەی شاردا زیاد دەکات.

١٠- بە بەکارهێنانی ئامرازی ( Hot Spot Analy Gis )، تاوانەکانی دزیکردن خاڵی گەرم و سارد لە نێو شاری هەولێر دروستدەکەن، خاڵە گەرمەکان لە ساڵی ٢٠١٣دا لە شارەوانی (٣,٢,١) کۆدەبێتەوە، بە زۆری لە ناوەوەی شار دەردەکەون، کەچی لە ساڵی ٢٠٢٣دا لەسەنتەری شار و ناوەوەی شار بەدیار دەکەوێت، خاڵە ساردەکانیش زیاتر لە دەوروبەری شار دەردەکەون لە دوو ساڵی ٢٠١٣ و ٢٠٢٣ لە هیچ شوێنێک تۆمار نەکراوە.

١١- سیفەتی کۆبوونەوەی شوێنی تاوانەکانی دزیکردن زیاتر لە ساڵی ٢٠٢٣دا ڕووبەرێکی فراوانی لەسەنتەرو ناوەوەی شار داگیر دەکات، کەچی لە ساڵی ٢٠١٣دا سیفەتی توندڕەوی لە دابەشبوونیدا زیاتر بەدی دەکرێت.

**پێشنیازەکان:**

١-دامەزراندنی بەشی Gis لە هەموو نووسینگەکانی نەهێشتنی تاوان بۆ بە ئەلیکترۆنیکردنی داتاکانی تاوان و ئاسانی مامەڵەکردن لەگەڵیان، بەمەش کات و ماندووبوون بۆ توێژەران دەگەڕێنێتەوە.

٢-بۆ نەهێشتنی تاوانی دزیکردن، دەبێ توێژینەوەی ورد لە سەر هۆکاری دزیکردن بکرێت و لەڕێگەی فۆرمی ڕاپرسی و بەسەر دەستگیرکراوان و سزادراوانی ئەم تاوانە دابەش بکرێت، پرسیارەکانیش لە ڕووی شوێنی تاوانەکە و لە ڕووی ئاواکارییەوە هەمەجۆر بێت، جگە لە پرسیاری ئابووریی و دیمۆگرافی و کۆمەڵایەتی، چونکە لە دۆسیەکانی نووسینگەکانی نەهێشتنی تاوان پرسیاری قووڵیان نەکردووە.

٣-تیشک خستنە سەر تاوانی دزیکردن لە ڕووی (قەبارە، تەرز، چڕی، خاڵە گەرمەکان و کۆبوونەوەی شوێنی) لەو گەڕەکانەی کە ڕێژەیەکی بەرزی لەم توێژینەوەیە تۆمارکردووە، لە ڕێگەی ئەم پێشنیازانە:

ا-دامەزراندنی نووسینگەی نەهێشتنی تاوان لەو زۆنانەی کە نووسینگەی لێ نییە و دوورە و زیادکردنی ماوە و ژمارەی خولانەوەی ئۆتۆمبێلی پۆلیس لەو ناوچانە (دەوريات)، بەتایبەتی لە نێوان کاتژمێر(1-6) am.

ب-دروستکردنی شوورە بۆ ئەو پرۆژانەی کە تائێستا شوورە و سیکیوریتیان نییە لە لایەن خاوەنی کۆمپانیای پرۆژەکان.

ج-دابینکردنی ڕووناکی لە سەر شەقامە لاوەکییەکان و کۆڵان و ئەو گەڕەکانەی لە لێوار و دەوروبەری شارن و تاریکن یاخود گەڕەکەکانی سەنتەری شار کە چۆڵ و تاریکن بە تایبەتی لە شەواندا.

د-دانانی کامێرای چاودێری لە ماڵەکاندا بکرێتە ڕێنمایی یاسایی هاوشێوەی دانانی کامێرا لە یەکە بازرگانییەکاندا.

٤- دامەزراندنی سەنتەرێک بەناوی (سەنتەری پەرەپێدانی کۆمەڵگەیی) دەکات کە سەر بە وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی بێت لەو گەڕەکانەی بە داتا و بەڵگە دروستکەری تاوانبارن

یاخود ئەو ژینگانەی تاوانبار دروست دەکات، ئەم سەنتەرە کار لەسەر پەرەپێدانی مرۆیی بکات لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئایینی و ڕەوشتەوە، وەک کردنەوەی خولی فێربوونی پیشە وەک (دارتاشی، ئاسنگەری، بەرگدووری، سەرتاشین، ئارایشگا، کۆمپیوتەر، زمانەکان و کاری دەستی تر)، هەروەها بەشی تایبەت بە نەهێشتنی نەخوێندەواری، یاخود خوێندنی خێرا، جگە لە بوونی هۆلی تایبەت بە کۆڕ و سیمینار و وتاری ئایینی و دەروونی بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشیاری کۆمەڵایەتی و ڕەوشتی و ڕۆشنبیری و یاسایی، هەر لەم سەنتەرەی کە پێشنیازکراوە دەتوانرێت بەشێکی تایبەت بە دابینکردنی هەلی کار بێت و پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە بازاڕی کار و کۆمپانیاکانەوە بێت، یاخود ئاسانکاری بۆ وەرگرتنی قەرزی بچووک بکرێت.

٥- بە پلانێکی درێژخایەن بۆ نەهێشتنی تاوان دەبێ کار لە سەر نەهێشتنی هەژاری و بێکاری بکرێت، لە ڕێگەی پەرەپێدانی چالاکی کشتوکاڵی و گەشتوگوزار و پیشەسازیدا، بۆ دابینکردنی زیاتری هەلی کار لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان.

٦- دەبێ لە گرتووخانەی چاکسازی هەولێر، کار لە سەر فێربوونی پیشەی تازە و خولی پەرەپێدانی دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئایینی بکرێت و لەدوای تەواوکردنی ماوەی سزادانیان دەرفەتی کاریان بۆ مسۆگەر بکرێت.

٧- دەستەبەرکردنی مووچەی مانگانەی هاووڵاتییان لە هەرێمی کوردستان بەبێ دواکەوتن لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە پاڵنەرێکی ڕاستەوخۆیە بۆ کەمکردنەوەی تاوانی دزیکردن.

## لیستی سەرچاوەکان:

### سەرچاوەی عەرەبی :


– آل مدرس، ساكار بهاءالدين عبدالله،(٢٠١٨)، التدهور الحضري في المدن(أسس، تطبيقات وسبل المعالجة) دراسة تطبيقية على مدينة أربيل، مطبعة جامعة صلاح الدين، أربيل.

– -الجبوري، حسين جعاز نصار،( ٢٠١٥)، التحليل الجغرافي لجريمتي القتل والسرقة في المحافظة النجف الأشرف للمدة ٢٠٠٤ _ ٢٠١٤)، رسالة ماجستير، كلية التربية البنات، جامعة الكوفة،النجف.

– بدوي، عبدالرحمن عبداالله على، (٢٠٠٣) ،التوزيع المكاني للجريمة في مدينة الرياض وعلاقتها بالخصائص البيئية للمكان ( دراسة تحليلية في الجغرافية الجريمة) ، رسالة ماجستير، اكاديمية نايف العربية للعلوم لامنية، الرياض.

– البطوش، مهند محمد منصور، (٢٠١٥)، التباين المكاني والزماني للجرائم الجنائية في المملكة الأردنية الهاشمية وعلاقتها ببعض المتغيرات خلال الفترة (٢٠٠٩-٢٠١٣م) ،رسالة الماجستير،كليةالدراسات العليا، جامعة مؤتة، الأردن.

- بيرداود، زانا احمد،(٢٠١٧)، علاقة الخصائص الاجتماعية و البيئية بالسلوك الإجرامي دراسة ميدانية في إقليم كردستان –العراق، أطروحة دكتورا، كلية لاداب، جامعة الصلاح الدين، أربيل.

- التلباني، صبري مسلم، (٢٠٠٩)، أثر المناخ في حدوث الجريمة ( دراسة في جغرافية الجريمة ) ، رسالة ماجستير ، كلية الأداب، جامعةالأسلامية، غزة.

– تيلي، جيهان عسكر،(٢٠٢٢)، التحليل المكاني لجنوح الأحداث في محافظة دهوك لمدة (٢٠١١_ ٢٠٢٢) دراسة في جغرافية الجريمة)، رسالة ماجستير، كلية العلوم إلى الإنسانية، جامعة دهوك، دهوك.

- الجبوري ،علي حاكم عبد فارس، (٢٠٢٥)، التوزيع المكاني لجرئم القتل والسرقة في مدينة عفك للمدة (٢٠١٩ - ٢٠٢٤ ) باستخدام نظم المعلومات الجغرافية، مجلة القادسية للعلوم الا نسانية، المجلد ٢٢، عدد ١، العراق، ص-ص ٦١٧ _ ٦٣٨.
- جواد، فلاح حسن، و كامل، سيمون ياسين،( ٢٠٢٣)، التحليل المكاني لجرائم السرقة المرتكبة من قبل الاحداث في محافظة المثنى للمدة (٢٠٠٨ _ ٢٠١٨)، مجلة ديالى للبحوث الانسانية، العدد ٩٨، مجلد ٣، العراق.ص ص ٥٥٢ _ ٥٨٢.
- الحاتمي، عبدالله على احمد، (٢٠٠٨)، اتجاهات الجريمة في المناطق الحضرية دارسة واقع الجريمة في مدينة جده، رسالة ماجستير، جامعة نايف لمعموم الامنية، الرياض.
- زعزوع، ليلى بنت صالح، (٢٠٠٧)، مقدمة في الجغرافية الاجتماعية، ط٣، دار العربية للعلوم ناشرون، بيروت.
- الساعاتي، حسن، (١٩٨٧)، النظريات الاجتماعية لتفسير السلوك الاجرامي، ابحاث٣ الندوة العلمية السادسة، المركز العربي للدراسات الامنية والتدريب، الرياض.
- سنكري، يمان، (٢٠٠٨)، التحليل الإحصائي للبيانات المكانية في نظم المعلومات الجغرافية، شعاع للنشر والعلوم، حلب.
- العمر، مضر خليل، و المومني، محمد أحمد عقلة، ( ١٩٩٩)، جغرافية المشاكلات الاجتماعية،ط١، دار الكندي للنشر والتوزيع، الاردن.
- قانون العقوبات العراقي،(١٩٦٩) رقم ١١١.
- القصاب، عمر عبد الله، (٢٠٢٠)، نظم المعلومات الجغرافية،-تطبيقات عملية في التحليل الجغرافي وباستخدام ArcGis Desktop، ط١، دارنون للطباعة والنشر، الموصل .
- محمد، حامد الطاهر البدوي، (٢٠٠٨)، الأبعاد المكانية للجريمة بولاية جنوب آردفان دراسة في الجغرافية الاجتماعية، الاطرحة الدكتورا، كلية علوم الجغرافياوالبيئة، جامعة الخرطم، سودان.
- مردان، عبدالرحمن جري، و عبد الحسن، كاظم عباس ،( ٢٠١٧)، جريمة السرقة في مدينة البصرة دراسة في الجغرافية الاجتماعية، مجلة أبحاث البصرة للعلوم الإنسانية، العدد ٦، المجلد٤٦، العراق، ص ٣٠٥ _ ٣٢٢).
- المطرفي، محمد بن سليم سفر، (٢٠٠٠)، جغرافية السرقة فى مدينة مكة مكرمة، رسالة ماجستير، كلية العلوم الاجتماعية، جامعة أم القري، السعودية.
- الهاجرى، دلهم ناصر،( ٢٠١٧)، التحليل المكاني والزماني للجرئم في دولة قطر، أطرحة دكتوره، كلية الدراسات العليا، جامعة مؤتة، قطر.

**سەرچاوەی حکومی :**

1-حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بەڕێوەبەرایەتی نەخشەدانانی ئاوەدانی هەولێر، (٢٠١٣-٢٠٢٣)، هۆبەی Gis ، وێنەی ئاسمانی شاری هەولێر لانسات -٣٠م.

2- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار،(٢٠١٣-٢٠٢٣)، بەڕێوەبەرایەتی گشتیی نەخشەدانانی ئاوەدانی ، هۆبەی Gis، سنوری شارەوانییەکانی هەولێر، بڵاو نەکراوە.

٣-حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، وەزارەتی پلاندانان، (2013-2023)، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری پارێزگای هەولێر، هۆبەی Gis، سنوری شارەوانییەکانی هەولێر، بڵاونەکراوە.

4-حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی ناوەخۆ، (٢٠١٣-٢٠٢٣)، نووسینگەکانی نەهێشتنی تاوان (باکوور، باشوور، ڕۆژهەڵات، ڕۆژئاوا، ناوەند، دزینی ئۆتۆمبێل، ڕاستی، دارەتوو، بنەسڵاوە، کەسنەزان، عەنکاوە، بەحرکە)، بەشی زانیارییەکان، داتای نهێنی تاوانی دزیکردن، بڵاونەکراوە.

## References:


1. Al-Madris, Sakar Bahaaddin Abdullah (2018). Urban Deterioration in Cities: Foundations, Applications, and Treatment Methods – An Applied Study on Erbil City. Salahaddin University Press, Erbil.
2. Al-Jubouri, Hussein Jaaz Nassar (2015). Geographical Analysis of Murder and Theft Crimes in Al-Najaf Al-Ashraf Governorate for the Period 2004–2014. Master’s Thesis, College of Education for Women, University of Kufa, Najaf.
3. Badawi, Abdulrahman Abdullah Ali (2003). Spatial Distribution of Crime in Riyadh City and Its Relationship to Environmental Characteristics of Place: An Analytical Study in the Geography of Crime. Master’s Thesis, Naif Arab Academy for Security Sciences, Riyadh.
4. Al-Batoush, Muhannad Mohammed Mansour (2015). Spatial and Temporal Variation of Criminal Offenses in the Hashemite Kingdom of Jordan and Their Relationship to Selected Variables (2009–2013). Master’s Thesis, Graduate Studies College, Mutah University, Jordan.
5. Bair Dawood, Zana Ahmed (2017). The Relationship Between Social and Environmental Characteristics and Criminal Behavior: A Field Study in the Kurdistan Region – Iraq. PhD Dissertation, College of Arts, Salahaddin University, Erbil.
6. Al-Talbani, Sabri Muslim (2009). The Impact of Climate on the Occurrence of Crime: A Study in the Geography of Crime. Master’s Thesis, College of Arts, Islamic University, Gaza.
7. Tilly, Jihan Askar (2022). Spatial Analysis of Juvenile Delinquency in Duhok Governorate for the Period 2011–2022: A Study in the Geography of Crime. Master’s Thesis, College of Humanities, University of Duhok, Duhok.
8. Al-Jubouri, Ali Hakim Abdul-Faras (2025). Spatial Distribution of Murder and Theft Crimes in Afak City for the Period 2019–2024 Using Geographic

Information Systems. Al-Qadisiyah Journal for Human Sciences, Vol. 22, No. 1, pp. 617–638, Iraq.

9. Jawad, Falah Hassan & Kamil, Simon Yasin (2023). Spatial Analysis of Theft Crimes Committed by Juveniles in Al-Muthanna Governorate for the Period 2008–2018. Diyala Journal for Human Research, Issue 98, Vol. 3, pp. 552–582, Iraq.
10. Al-Hatemi, Abdullah Ali Ahmed (2008). Crime Trends in Urban Areas: A Study of Crime Reality in Jeddah City. Master’s Thesis, Naif University for Security Sciences, Riyadh.
11. Zazou, Laila bint Saleh (2007). Introduction to Social Geography. 3rd ed., Arab Scientific Publishers, Beirut.
12. Al-Sa’ati, Hassan (1987). Social Theories for Interpreting Criminal Behavior. Proceedings of the 6th Scientific Symposium, Arab Center for Security Studies and Training, Riyadh.
13. Sankari, Yaman (2008). Statistical Analysis of Spatial Data in Geographic Information Systems. Shuaa for Publishing and Science, Aleppo.
14. Al-Omar, Mudar Khalil & Al-Momani, Mohammed Ahmed Aqlah (1999). Geography of Social Problems. 1st ed., Al-Kindi Publishing and Distribution, Jordan.
15. Iraqi Penal Code No. 111 (1969).
16. Al-Qassab, Omar Abdullah (2020). Geographic Information Systems: Practical Applications in Geographical Analysis Using ArcGIS Desktop. 1st ed., Darnon Press, Mosul.
17. Mohammed, Hamid Al-Taher Al-Badawi (2008). Spatial Dimensions of Crime in South Kordofan State: A Study in Social Geography. PhD Dissertation, College of Geography and Environmental Sciences, University of Khartoum, Sudan.
18. Mardan, Abdulrahman Jari & Abdul-Hassan, Kazem Abbas (2017). The Crime of Theft in Basra City: A Study in Social Geography. Basra Research Journal for Human Sciences, Issue 6, Vol. 46, pp. 305–322, Iraq.

19. Al-Mutrafi, Mohammed bin Salim Safar (2000). Geography of Theft in Makkah City. Master's Thesis, College of Social Sciences, Umm Al-Qura University, Saudi Arabia.
20. Al-Hajri, Dalham Nasser (2017). Spatial and Temporal Analysis of Crimes in Qatar. PhD Dissertation, Graduate Studies College, Mutah University, Qatar.

## Government Sources :

Kurdistan Regional Government, Ministry of Municipalities and Tourism, Directorate of Urban Planning–Erbil, (2013–2023). GIS Hub: Erbil City Aerial Imagery (Landsat-30 m). Unpublished data.

Kurdistan Regional Government, Ministry of Municipalities and Tourism, (2013–2023). GIS Hub: Administrative Boundaries of Erbil Municipalities., General Directorate of Urban Planning. Unpublished.

Kurdistan Regional Government, Ministry of Planning, (2013–2023). GIS Hub: Administrative Boundaries of Erbil Governorate., Directorate of Statistics–Erbil. Unpublished.

Kurdistan Regional Government, Ministry of Interior, (2013–2023). Crime Prevention Offices (Bakur, Bashur, Rojhelat, Rojava, Center, Vehicle Theft, Rasti, Daretou, Banislawa, Kasnazan, Ankawa, Baharka): Crime Data Unit – Confidential Theft Crime Records. Unpublished.

## سەرچاوەی ئینگلیزی :

1. Anselin, L. (1995). Local indicators of spatial association (LISA). *Geographical Analysis*, *27*(2), 93–115. https://doi.org/10.1111/j.1538-4632.1995.tb00338.x
2. El-Dakkak, S. (2014). *Criminology and penology*. Abu Dhabi Judicial Department.
3. Erdei, G. (2020). The place of crime geography in the science of geography. *Criminal Geographical Journal*, February, 27–34.
4. Environmental Systems Research Institute. (2021). *ArcGIS Desktop 10.8: ArcGIS help documentation*. Esri.
5. Evans, D. J., & Oulds, G. (1984). Geographical aspects of the incidence of residential burglary in Newcastle-under-Lyme, UK. *Tijdschrift voor Economische en Sociale Geografie*, *75*(5), 321–400.
6. Grekousis, G. (2020). *Spatial analysis methods and practice: Describe, explore, explain through GIS*. Cambridge University Press.

7. Griffiths, C. (2024). More than a species of larceny: Fraud laws and their uses in the eighteenth century. *Journal of Legal History*, *45*(1), 34–54.
8. Hall, J. (1960). *General principles of criminal law* (2nd ed.). Bobbs-Merrill.
9. Herbert, D. T. (1982). *The geography of urban crime*. Longman.
10. Herrmann, C. R. (2015). The dynamics of robbery and violence hot spots. *Crime Science*, *4*, Article 1. https://doi.org/10.1186/s40163-015-0031-7
11. Melo, S., & Ramos, R. G. (2022). Income inequality and the geography of residential burglaries: A spatial model applied to Campinas, Brazil.
12. Smith, B. T. (2017). Understanding shoplifting of fast-moving consumer goods: An application of the CRAVED model. *Criminal Justice Faculty Publications*, 11–25.
13. Spoelstra, J. J. (2024). Pursuing the pilferer of cultic paraphernalia. *Scandinavian Journal of the Old Testament*, Advance online publication, 2–20.
14. Thotakura, S. (2014). Crime: A conceptual understanding. *Indian Journal of Applied Research*, *4*(3), 196–198.


پاشکۆی (١) ژمارەی تاوانی دزیکردن بەگوێرەی(گەرەك،شارەوانی،بەشەکانی) شاری هەولێر-٢٠١٣

| شارەوانیەکان | 2013 | | | شارەوانیەکان | 2013 | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ناوی گەرەك | بەشەکانی شار | ژ.تاوانەکانی دزیکردن | | ناوی گەرەك | بەشەکانی شار | ژ.تاوانەکانی دزیکردن |
| شارەوانی یەك | تەعجیل | سەنتەری شار | 1 | شارەوانی چوار | هەڤاڵان | لێواری شار | 15 |
| | مستەوفی | سەنتەری شار | 1 | | چوارچرا | لێواری شار | 11 |
| | تەیراوە | ناوەوەی شار | 2 | | سەرووەران | لێواری شار | 2 |
| | سێتاقان | ناوەوەی شار | 12 | | شاری منارە | لێواری شار | 4 |
| | سەیداوە | ناوەوەی شار | 1 | | هاناستی | لێواری شار | 2 |
| | منارە | ناوەوەی شار | 5 | | زیلان | دەوروبەری شار | 5 |
| | زانیاری | ناوەوەی شار | 3 | شارەوانی پێنج | ئازادی1 | ناوەوەی شار | 8 |
| شارەوانی دوو | سەلاحەدین | ناوەوەی شار | 1 | | ئازادی2 | ناوەوەی شار | 6 |
| | بەختیاری | ناوەوەی شار | 14 | | مەهاباد | لێواری شار | 1 |
| | کانی | ناوەوەی شار | 4 | | زانکۆ2 | لێواری شار | 1 |
| | کوێستان | ناوەوەی شار | 8 | | ڕاستی | لێواری شار | 11 |
| | کورانی عەنکاوە | ناوەوەی شار | 4 | | ژیان | دەوروبەری شار | 4 |
| | نازناز | ناوەوەی شار | 3 | شارەوانی شەش | ڕزگاری1 | ناوەوەی شار | 4 |
| شارەوانی سێ | برایەتی | ناوەوەی شار | 5 | | ڕزگاری2 | ناوەوەی شار | 4 |
| | خانزاد | ناوەوەی شار | 5 | | نیشتمان | ناوەوەی شار | 3 |
| | ڕاپەرین | ناوەوەی شار | 7 | | نەورۆز | ناوەوەی شار | 9 |
| | گوڵان2 | لێواری شار | 11 | | کوردستان | ناوەوەی شار | 2 |
| | سەفین2 | لێواری شار | 9 | | بەهار | ناوەوەی شار | 1 |
| | هەولێری نوێ | دەوروبەری شار | 3 | | شادی | لێواری شار | 12 |
| شارەوانی چوار | خەبات | ناوەوەی شار | 14 | | پارکی سامی | ناوەوەی شار | 5 |
| | باداوە | لێواری شار | 4 | | میدیا | ناوەوەی شار | 4 |
| | زانایان | لێواری شار | 1 | | سەربەستی | لێواری شار | 6 |
| کۆی گشتی | | | | | | | 238 |

سەرچاوە/ کاری توێژەران بە پشتبەستن بە: ( وەزارەتی ناوەخۆ، (٢٠١٣-٢٠٢٣)).

پاشکۆی (٢) ژمارەی تاوانی دزیکردن بەگوێرەی(گەڕەك،شارەوانی،بەشەکانی) شاری هەولێر٢٠٢٣

| شارەوانییەکان | ناوی گەڕەك | بەشەکانی شار | ژ.تاوانەکانی دزیکردن |
|---|---|---|---|
| | 2023 | | |
| شارەوانی یەك | قەڵا | سەنتەری شار | 1 |
| شارەوانی یەك | بازار | سەنتەری شار | 11 |
| شارەوانی یەك | خانەقا | سەنتەری شار | 51 |
| شارەوانی یەك | تەعجیل | سەنتەری شار | 14 |
| شارەوانی یەك | عەرەب | سەنتەری شار | 2 |
| شارەوانی یەك | مستەوفی | سەنتەری شار | 1 |
| شارەوانی یەك | تەیراوە | ناوەوەی شار | 41 |
| شارەوانی یەك | سێتاقان | ناوەوەی شار | 31 |
| شارەوانی یەك | سەیداوە | ناوەوەی شار | 22 |
| شارەوانی یەك | منارە | ناوەوەی شار | 11 |
| شارەوانی یەك | زانیاری | ناوەوەی شار | 17 |
| شارەوانی دوو | شۆڕش | ناوەوەی شار | 26 |
| شارەوانی دوو | سەلاحەدین | ناوەوەی شار | 6 |
| شارەوانی دوو | بەختیاری | ناوەوەی شار | 19 |
| شارەوانی دوو | پەرلەمان | ناوەوەی شار | 3 |
| شارەوانی دوو | کانی | ناوەوەی شار | 14 |
| شارەوانی دوو | کوێستان | ناوەوەی شار | 10 |
| شارەوانی دوو | کورانی عەنکاوە | ناوەوەی شار | 4 |
| شارەوانی دوو | نازناز | ناوەوەی شار | 12 |
| شارەوانی دوو | وایت تاوەر | لێواری شار | 1 |
| شارەوانی دوو | گوندی ئیتالی2 | دەوروبەری شار | 2 |
| شارەوانی دوو | زین ستی | دەوروبەری شار | 4 |
| شارەوانی دوو | گوندی ئارام | دەوروبەری شار | 3 |
| شارەوانی دوو | ئازادی نوی | دەوروبەری شار | 1 |
| شارەوانی دوو | گوندی لوبنانی | دەوروبەری شار | 11 |
| شارەوانی دوو | گوندی پانك | دەوروبەری شار | 1 |
| شارەوانی دوو | کورانی نوی | دەوروبەری شار | 1 |
| شارەوانی دوو | دەروازە ستی | دەوروبەری شار | 1 |
| شارەوانی دوو | مامۆستایان ستی | دەوروبەری شار | 5 |
| شارەوانی دوو | گەنجان ستی | دەوروبەری شار | 6 |
| شارەوانی دوو | لالاڤ ستی | دەوروبەری شار | 3 |
| شارەوانی دوو | هەرشەم 3-2-1 | دەوروبەری شار | 9 |
| شارەوانی دوو | زیرین ستی | دەوروبەری شار | 2 |
| شارەوانی دوو | گوندی کۆری | دەوروبەری شار | 2 |
| شارەوانی دوو | ڤارسان ستی | دەوروبەری شار | 1 |
| شارەوانی دوو | گولان ستی | دەوروبەری شار | 3 |
| شارەوانی سێ | برایەتی | ناوەوەی شار | 22 |
| شارەوانی سێ | خانزاد | ناوەوەی شار | 4 |
| شارەوانی سێ | ڕاپەرین | ناوەوەی شار | 10 |
| شارەوانی سێ | گوڵان1 | لێواری شار | 12 |
| شارەوانی سێ | گوڵان2 | لێواری شار | 5 |
| شارەوانی سێ | سەفین1 | لێواری شار | 1 |
| شارەوانی سێ | سەفین2 | لێواری شار | 17 |
| شارەوانی سێ | هەولێری نوێ | دەوروبەری شار | 21 |
| شارەوانی سێ | ئاشتی2 | دەوروبەری شار | 3 |
| شارەوانی سێ | گلۆباڵ ستی | دەوروبەری شار | 2 |
| شارەوانی سێ | شاهان ستی | دەوروبەری شار | 1 |
| شارەوانی سێ | شاری هیوا | دەوروبەری شار | 4 |
| شارەوانی سێ | ژیان ستی | دەوروبەری شار | 1 |
| شارەوانی سێ | لانەستی | دەوروبەری شار | 1 |
| شارەوانی سێ | ئۆزال ستی | دەوروبەری شار | 1 |
| شارە وانی | ئیسکان | ناوەوەی شار | 17 |
| شارە وانی | مفتی | ناوەوەی شار | 9 |

| شارەوانییەکان | ناوی گەڕەك | بەشەکانی شار | ژ.تاوانەکانی دزیکردن |
|---|---|---|---|
| | 2023 | | |
| شارەوانی چوار | مامۆستایانی 1 | ناوەوەی شار | 6 |
| شارەوانی چوار | مامۆستایانی2 | ناوەوەی شار | 4 |
| شارەوانی چوار | خەبات | ناوەوەی شار | 44 |
| شارەوانی چوار | باداوە | لێواری شار | 16 |
| شارەوانی چوار | چنار | لێواری شار | 10 |
| شارەوانی چوار | زانایان | لێواری شار | 2 |
| شارەوانی چوار | هەڤالان | لێواری شار | 33 |
| شارەوانی چوار | حەمرین | لێواری شار | 5 |
| شارەوانی چوار | شارەوانی | لێواری شار | 1 |
| شارەوانی چوار | کارێزان | لێواری شار | 4 |
| شارەوانی چوار | چوارچرا1 | لێواری شار | 6 |
| شارەوانی چوار | سەرووەران | لێواری شار | 6 |
| شارەوانی چوار | شاری منارە | لێواری شار | 19 |
| شارەوانی چوار | هاناستی | لێواری شار | 8 |
| شارەوانی چوار | گەلاوێژ | دەوروبەری شار | 8 |
| شارەوانی چوار | زیلان | دەوروبەری شار | 20 |
| شارەوانی چوار | زیلان ستی | دەوروبەری شار | 2 |
| شارەوانی چوار | بیرکۆتی نوێ | دەوروبەری شار | 6 |
| شارەوانی چوار | شاری ئاشتی | دەوروبەری شار | 2 |
| شارەوانی چوار | ئایندە2 | دەوروبەری شار | 1 |
| شارەوانی چوار | هەولێرستی | دەوروبەری شار | 1 |
| شارەوانی چوار | شاری لاوان | دەوروبەری شار | 6 |
| شارەوانی چوار | کارێز | دەوروبەری شار | 7 |
| شارەوانی چوار | ئایندە1 | دەوروبەری شار | 5 |
| شارەوانی چوار | زیتون ستی | دەوروبەری شار | 1 |
| شارەوانی پێنج | کۆماری | ناوەوەی شار | 1 |
| شارەوانی پێنج | ڕۆناکی | ناوەوەی شار | 6 |
| شارەوانی پێنج | ئەندازیاران | ناوەوەی شار | 2 |
| شارەوانی پێنج | مەنتکاوە | ناوەوەی شار | 7 |
| شارەوانی پێنج | ئازادی1 | ناوەوەی شار | 7 |
| شارەوانی پێنج | ئازادی2 | ناوەوەی شار | 4 |
| شارەوانی پێنج | مەهاباد | لێواری شار | 3 |
| شارەوانی پێنج | زانکۆ99 | لێواری شار | 11 |
| شارەوانی پێنج | ماموستایانی زانکۆ | لێواری شار | 1 |
| شارەوانی پێنج | ڕاستی | لێواری شار | 13 |
| شارەوانی پێنج | بابەگورگور | دەوروبەری شار | 16 |
| شارەوانی پێنج | شەهیدان | دەوروبەری شار | 1 |
| شارەوانی پێنج | پیشەسازی | لێواری شار | 6 |
| شارەوانی شەش | ڕزگاری1 | ناوەوەی شار | 46 |
| شارەوانی شەش | ڕزگاری2 | ناوەوەی شار | 4 |
| شارەوانی شەش | نیشتمان | ناوەوەی شار | 3 |
| شارەوانی شەش | نەورۆز | ناوەوەی شار | 21 |
| شارەوانی شەش | کوردستان | ناوەوەی شار | 20 |
| شارەوانی شەش | شادی | لێواری شار | 9 |
| شارەوانی شەش | بەهاری نوی | لێواری شار | 5 |
| شارەوانی شەش | پارکی سامی | ناوەوەی شار | 10 |
| شارەوانی شەش | گوندی ئیتالی1 | ناوەوەی شار | 1 |
| شارەوانی شەش | گوندی ئینگلیزی | ناوەوەی شار | 2 |
| شارەوانی شەش | ڕۆیاتاوەر | ناوەوەی شار | 5 |
| شارەوانی شەش | شاری ئیمپایەر | ناوەوەی شار | 1 |
| شارەوانی شەش | سەربەستی | لێواری شار | 17 |
| شارەوانی شەش | مامزاوە | دەوروبەری شار | 1 |
| شارەوانی شەش | تورەق | دەوروبەری شار | 2 |
| کۆی گشتی | | | 931 |

سەرچاوە/ کاری توێژەران بە پشتبەستن بە: وەزارەتی ناوەخۆ، (٢٠١٣-٢٠٢٣).



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٣